دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە ٧١٦، هەینی ١٥ی بەفرانباری ١٣٩٦ی هەتاوی، ٥ی ژانویەی ٢٠١٨

www.kurdistanmedia.com

### پەیامی پیرۆزبایی سکرتێری گشتیی حیزب لە پیرەوانی ئایینی مەسیحی

بەبۆنەی جێژنەکانی لەدایک بوونی پێغەمبەر، عیسای مەسیح و سەری ساڵی تازەی زایینیەوە، گەرمترین پیرۆزبایی خۆم پێشکەش بە پەیرەوانی ئایینی مەسیحی، بە تایبەت ئەو بەشە لە خوشک و برا مەسیحییەکانمان کە لە کوردستانی ئێراندا دەژین، دەکەم.

هیوادارم ساڵی ٢٠١٨ ساڵی پێکەوە ژیانی برایانەی نێوان پێکهاتە ئایینی و نەتەوە جیاوازەکان لە هەموو شوێنێک بێ.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**سکرتێری گشتی**
**مستەفا هیجری**



دەنگی هەنگاوەکانی پاکانەحیساب دێ ٤



خۆپیشاندانەکانی ئێران و پرسی کورد ٦



کاوە ئاهەنگەری: ئیرادەی گشتیی کوردەکان لە ئێران ٩



تەیموور مستەفایی: هێزە نیزامییەکانی ئێران... ١٠

# بوومەلەرزە ئێرانی هەژاند



ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٧ی بەفرانباری ١٣٩٦ی هەتاوی، لە شاری مەشهەد و چەند شارێکی دیکە، خەڵکی ئێران نیسبەت بە گرانی، گەندەڵی و بەتاڵانبردنی سامان و داراییەکان لە لایەن بەرپرسانی ڕێژیمەوە دەستیان دایە خۆپیشاندان.

زۆری نەکێشا ئاراستەی خۆپیشاندانەکان لە هەندێک ویست و داواکاری ئابوورییەوە، گۆڕدرا بۆ داخوازی ڕادیکاڵ و پێکهاتەشکێنی ڕوخانی ڕێژیم و نەمانی دەسەڵاتی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی و بەرینایەتی خۆپیشاندانەکان زۆربەی هەرە زۆری شار و پارێزگاکانی ئێرانی گرتەوە.

خەڵکی وەزاڵەهاتوو کە ڕق و قینی پەنگخواردوویان لە ئەنجامی چوار دەیە زوڵم و زۆر و ستەمکاری سەرانی کۆماری ئیسلامی تەقیبوویەوە، ڕژانە سەر شەقامەکان و بە بەرزکردنەوەی درووشمگەلی شۆڕشگێڕانەی وەک "مرگ بر خامنەای"، "ای جوان ایرانی بلند شو بلند شو"، "دزد غارت می کند، دولت حمایت می‌کند"، "سوریە رو رها کن، فکری بە حال ما کن"، "مرگ بر روحانی"، "اسلام رو پلە کردید، مردم رو ذلە کردید"، "پلیس برو دزد بگیر"، تەواویەتی سیستمی دەسەڵات لە ئێرانیان کردە ئامانج و خوازیاری ڕووخانی ڕێژیم بوون.

بەپێی دوایین ڕاپۆرتە پێوەندیدارەکان لەم خۆپیشاندانانەدا کە زیاتر لە ٨٠ شاری ئێرانی گرتەوە، زیاتر لە ٢٥ کەس کوژراون، چەند سەد کەس بریندار بوون و زیاتر لە ١٣٠٠ کەسی دیکەش دەسبەسەر کراون.

هاتنە ئارای ئەم بارودۆخە لەگەل دژکردەوەی بەپەلەی زلهێزانی جیهان و ناوەندە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ و حیزبە شوێندانەرەکان بەرەوڕوو بوویەوە؛ دانڵد ترامپ، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا، لە چەندین هەڵوێستی جیاجیادا بەرامبەر بە ڕووداوەکانی ئێران وێڕای بەرزنرخاندنی ئیرادەی خۆپیشاندەران بۆ گەیشتن بە ئازادی و وەدەستهێنانی مافە زەوت کراوەکانیان، پشتیوانی وڵاتەکەی بۆ گەلانی ڕاپەڕیوی ئێران دەربڕی.

ناوبراو لە پەیامەکانیدا وتوویەتی: "ئێران لە هەموو بوارێکدا سەرەڕای ئەو ڕێککەوتنە خراپەی کە ئیدارەی ئۆباما لەگەڵیدا کردوویەتی، شکستی هێناوە؛ خەڵکی مەزنی ئێران بۆ ماوەی چەندین ساڵە دەچەوسێندرێنەوە، ئەوان برسی خۆراک و ئازادین. هاوشێوەی مافی مرۆڤیان، سامانی ئێرانییەکانیش تاڵان کراوە، ئێستا کاتی گۆڕانکارییە".

لە دوا هەڵوێستیشیدا وتوویەتی: ڕێزی تایبەتم هەیە بۆ ئەو خەڵکەی کە دەیانهەوێ وڵاتەکەیان لە دەستی حکوومەتێکی گەندەڵ دەربهێنن و لەم ڕاستایەشدا چاوەڕێی پشتیوانی مەزنی ئامریکا بن.

ئەم هەڵوێستەی ترامپ هاوکات بوو لەگەڵ دژکردەوەی فەرمی سەرۆکی وڵاتانی ئاڵمان، ئیسرائیل، فەڕانسە، کانادا، بریتانیا، ئۆتریش، سۆئێد، نۆرویژ و چەندین وڵاتی دیکەی جیهان کە پاڵپشتییان لە ویستی ڕەوای خەڵک لە ئێران بۆ وەدەستهێنانی ئازادی کردبوو.

هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی دەسپێکی ناڕەزایەتییەکانیشدا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە ڕاگەیەندراوێکی هاوبەشدا داوایان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد کە پشتیوانی لە خەڵکی ئێران بکەن.

لەم ڕاگەیەندراوەدا کە ڕوو لە خەڵکی ئازادیخوازی ئێران، نەتەوە مافویستەکانی ئێران وکۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان بڵاو کرایەوە هاتووە: "سەرچاوەی سەرەکی ئەم ناڕەزایەتییانە قەیرانی ئابووری و گرفتە کەڵەکەبووە ئابووری و سیاسییەکان لە نێو ئێران دایە، کە ئاکامی چەندین دەیە حکومەتی ستەمکارانە و قەیرانخوڵقێنیی کۆماری ئیسلامیە کە وای کردووە لەبەر دۆخی نالەبار و خەراپیی ئابووری و بێمنەتیی حکوومەت لە هەمبەر گوزەران و مەینەتەکانی خەڵکی کەمداهات و هەژار و هەروەها هەزینەکردنی بە میلیارد سامانی ئەم وڵاتە لە ئاژاوەگێڕی و شەڕە تێرۆریستییەکانی ڕێژیمی ئێران لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، خەڵکی ئێران بە هەموو نەتەوە و چین و توێژی جیاوازەوە بێنە شەقام و داواکاریی خۆیان و دژایەتییان لەگەڵ تەواویەتی ڕێژیمی ئیسلامیی حاکم لە تاران نیشان بدەن."

لە بەشێکی دیکەشیدا هاتووە: ئێمە وەکوو حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە، داوا لە هەموو کۆڕ وکۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان و ناوەندە سیاسی و بڕیاردەرەکانی جیهان دەکەین کە پشتیوانی داواکانی خەڵکی ئێران بن و گوشار بۆ ڕێژیم بێنن کە هەرچی زووتر دەسبەسەرکراوەکانی ئەم خۆپیشاندانانە و هەموو دەستبەسەرکراوەکانی دیکە لە بزووتنەوە جەماوەرییەکان لە کوردستان و لە نەتەوەکانی دیکە لە ئێران ئازاد بکا و هاوکات داوای ئازادکردنی هەموو زیندانیانی سیاسی لە ڕێژیمی ئێران بکەن.

هەر لەم پێوەندییەدا کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕاگەیەندراوێکی ڕوو لە خەڵکی شۆڕشگێڕ و مافخوازی کوردستان بڵاو کردەوە کە تێیدا وێڕای ئاماژەدان بە هۆکارەکان و گرینگی ئەم خۆپیشاندانانە، داوای پشتیوانی گەلی کوردیان لە حەرەکەتە ئێعترازییەکان کرد.

هەروەها ڕوو لە چەکدارانی ڕێژیم و بە تایبەت چەکدارانی ڕێژیم لە کوردستان ڕایانگەیاند: بەشداری لە سەرکوتی خۆپیشاندەران نەکەن چوونکە ئەگەر بەشداری لە سەرکوتی خەڵکی مافخوازدا بکەن، لە دوارۆژدا، بۆ خۆیان لێی بەرپرسیارن.

لە ئەنجامی خۆپیشاندانەکاندا کە تا ئێستاش بەردەوامن شڵەژان و تووڕەیی و تێکچوونی باری دەروونی بە لێپرسراوانی ڕێژیمەوە دیارە؛ عەلی خامنەیی پاش چەند ڕۆژ بێدەنگی لەهەمبەر ڕووداوەکان، کە وەک چاودێران دەڵێن نیشان لە دۆشداماوی ناوبراوە، هاتە دەنگ و وتی: ئەوەی ڕوو دەدات کاری دوژمنانە کە دەیانهەوێ بە پارە و چەک و سیاسەت کێشەمان بۆ ساز بکەن.

هاوکات لەگەڵ ڕێبەری ڕێژیم، حەسەن ڕوحانی بە حاشاکردن لە ڕاستییەکان وتی: ئەو کەسانەی ناڕەزایەتی دەردەبڕن خەڵک نین؛ وەک بڵێی خۆپیشاندەران لە شوێنێکی دیکەوە نێردرابێتن یان ڕووحانی تەنیا ئەو کەسانە بە خەڵک دەزانێ کە ملکەچ و گۆپاڵ بەدەستی خۆیان بن.

ڕوحانی هەروەها داوای لە دام و دەزگا و چەکدارەکان و بەرپرسانی ڕێژیم کردووە کە لە بەرامبەر خەڵکدا یەکگرتوو بن کە کارناسانی سیاسی پێیان وایە مەبەستی ناوبراو لە یەکگرتوویی بریتییە لە یەکگرتن بۆ سەرکووتی زیاتر و دڕندانەتری ئەو خەلکە کە ئەوان بە دوژمنی دەزانن.

بەگشتی سەرەڕای هەموو گوشارەکان و هەڕەشەکانی ڕێژیم و دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی، خەڵکی وەزاڵەهاتوو ئامادە نین لە بڕیاری خۆیان کە بریتییە لە ڕووخاندنی ڕێژیم و وەدەست هێنانی ئازادی پاشەکشە بکەن و بەردەوامن لە ناڕەزایەتی دەربڕین.

## پەیڤ

**دەنگی ڕاسانی گەلان نابیستن**

**کەریم پەرویزی**

ڕێژیمی ئیسلامیی زاڵ لە ئێران و بەرپرسانی ئەو ڕێژیمە، بە هۆی چەواشەکاریی لەڕادەبەدەر و ڕۆچوون لە زەلکاوی کردەوە و پڕوپاگەندە دژەمرۆیی و درۆیینەکانیاندا دەنگی ئازادیخوازیی گەلان نابیستن.

لە ڕۆژی ٧ی بەفرانباری ١٣٩٦ی هەتاوی و لە دوایین ڕۆژەکانی ساڵی ٢٠١٧ی زایینیدا، بزاڤی مافخوازیی نەتەوەکان و خەڵکانی ئێران دوای چەندین و چەند کۆبوونەوەی ناڕەزایی دەربڕین، وەکوو ڕووبارێکی بەلرفە، بەنداوی کۆت و بەندی هەمەڕەنگی ڕێژیمی ڕووخاند و لافاوێکی سەرتاسەریی لە ئێراندا وەڕێ خست.

لافاوی ئەم جارە، هاتنە سەر شەقامی خەڵکی هەژار و کەمداهات و ستەملێکراو و سووکایەتی پێکراو بوو کە هیچ هیوایەکی گەش لەم ڕێژیمەدا بەدی ناکەن و قۆناخ بەقۆناخ و بڕگە بە بڕگە خەیانەت لە ئاواتەکانیان کراوە و نانی سەر سفرەیان دزراوە وخەرجی مووشەک و بۆمب و تەقینەوە وئاژاوە لە وڵاتانی دەوروبەر کراوە و ئەوەشی کە لە سامانی وڵات لە نێوخۆدا سەرف کرابێ، بۆ گیرفانی تاڵانچییەکان چووە و گەنج و لاوی ئەم وڵاتە بێکار و تووشبوو بە ماددەی سڕکەر کراون.

خەڵکانی ئێران هیوایەکی درۆینەیان بۆ دروست کرابوو کە دوای ڕێککەوتنی بەرجام، خۆشگوزەرانی خەڵک دادەپۆشێ ونیعمەت و سامانی دەرەکی ڕوو لە وڵات دەکات! پێیان وتبوون کە سوپای پاسداران تەنیا لەبەر پاراستنی شوێنە پیرۆزەکان چوونەتە عێراق و سووریە! وایان پێ نیشان دابوون کە ئەوان بەر بە هاتنی داعش دەگرن!

بەڵام هەموو ئەو درۆ و چەواشەکارییانە لەماوەی دووساڵی ڕابردوودا پەردەیان لەسەر لادرا و وای لێ هات کە بە میلیارد دۆلار سەرفی سووریە و یەمەن و لوبنان و تالیبان و قاعیدە و داعش و ... کرا و خەڵکانی ئێران بە تامەزرۆییەوە چاو لە نان و هێلکەی نێو فیلمە کۆنەکان بکەن!

خەڵکی تووڕە لە هەموو گەندەڵی و سووکایەتی پێکردنەکان کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەدیاری بۆ ئەم وڵاتەی هێناوە، لە ماڵ هاتنەدەر و شەقامیان لە دەستی داگیرکەرانی ستەمکار ڕزگار کرد.

جاران ڕێژیم هەموو کون و قوژبنێکی ئەم وڵاتەی لە پوستێر و وێنەی ڕێبەرانی دێوەزمەی ڕێژیم تەنی بوو، ئێستە خۆی بە پەلەپڕووزەوە لێیان دەکاتەوە با خەڵک لێیان ئاگر تێ بەرنەدەن!

وەکوو هەمیشە و وەک نەریتی هەموو دیکتاتۆر و سەرەڕۆکان و وەك چوار

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە ڕاگەیەندراوێکی هاوبەشیان بڵاو کردەوە



حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە ڕاگەیەندراوێکی هاوبەشدا داوایان لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کرد پشتیوانی لە خەڵکی ئێران بکەن.

دقی ڕاگەیەندراوەکە:

ڕاگەیاندنی هاوبەش سەبارەت بە خۆپێشاندانی نارەزایەتیی خەڵکی ئێران

خەڵکی ئازادیخوازی ئێران،

نەتەوە مافویستەکانی ئێران،

کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان،

لە چەند رۆژی ڕابردوودا شەپۆلێکی گەورە لە خۆپێشاندانی نارەزایەتی کۆمەڵانی وەزاڵەهاتووی خەڵکی ئێران دەستی پێکردوە و تا ئێستاش هەر بەردەوامە.

سەرچاوەی سەرەکی ئەم نارەزایەتییانە قەیرانی ئابووری و گرفتە کەڵەکەبووە ئابووری و سیاسییەکان لە نێو ئێران دایە کە ئاکامی چەندین دەیە حکومەتی ستەمکارانە و قەیرانخولقێنیی کۆماری ئیسلامیە کە وای کردووە لەبەر دۆخی نالەبار و خەراپیی ئابووری و بێمنەتیی حکوومەت لە هەمبەر گوزەران و مەینەتەکانی خەڵکی کەمداهات و هەژار و هەروەها هەزینەکردنی بە میلیارد سامانی ئەم وڵاتە لە ئاژاوەگێڕیێ و شەڕە تێرۆریستییەکانی ڕێژیمی ئێران لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، خەڵکی ئێران بە هەموو نەتەوە و چین و توێژی جیاوازەوە بێنە شەقام و داواکاریی خۆیان و دژایەتییان لەگەڵ تەواویەتی ڕێژیمی ئیسلامیی حاکم لە تاران نیشان بدەن.

ئەم خۆپێشاندانانە لە هەمان کاتدا ئاماژەیەکە بە تورەیی پەنگخواردووی ساڵیانێک لە حکوومڕانێکی ناکارامە، گەندەڵ، نادادپەروەر و دیکتاتۆر کە هیچ مەجالێک بۆ دەربڕینی نارەزایەتی بە شێوەیەکی مەدەنیانە بە شارۆمەندان نادا و لە بەرامبەیاندا بەرپرس نیە و هیچ حیسابێك بۆ ئێرادەی ئەوان ناکا.

لە هەمان کاتدا خۆپێشاندانەکان دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە خەڵک بێ هیوان بەرامبەر بە بەڵێنییە یەک لە دوای یەکەکانی ڕۆحانی و دروشمە بریقەدارەکانی ڕیفۆرمخوازان و چیتر ئامادە نین پشت بە باڵەکانی دەسەڵات ببەستن.

ئەو نارەزایەتییانە زۆربەی شارەگەورەکانی ئێرانی گرتووەتەوەو دروشمەکانی خۆپیشاندەران بە ڕوونی دەری دەخەن کە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و هەموو نەتەوەکان، بە تێکڕا ئەم ڕێژیمەیان ناوێ و خوازیاری حکومەتێکی دێموکراتیکن کە وەڵامدەری داواکانیان بێ و دادپەروەری و یەکسانی و پاراستنی کەرامەتی مرۆیی و نەتەوەییان بۆ دەستەبەر بکا.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وەک هەمووکاتی دیکە، لەبەرامبەر داوای ڕەوا و کردەوەی مەدەنیانەی خەڵکدا هیچ وڵامێکی نیە جگە لە سەرکوت و توندوتیژی و هەر لەم چەند رۆژەشدا بە سەدان کەسی دەستبەسەر کردووە و هێزی زۆری پاسدارو دژی گەلیی بە چەک و جبەخانەی جۆربەجۆرەوە ڕەوانەی هەموو شوێن و شارەکانی ئێران کردووە و بە زۆری چەک و سەرکوت دەیەوێ خەڵک بێدەنگ بکا.

خەڵکی کوردستان کە خۆیان هەردەم پێشەنگی دەربڕینی نارەزایەتی لە شێوازی خۆپێشاندان و هەڵبڕینی دەنگی مافخوازی و ئازادیخوازی بوون، پشتیوانی لە داواکاری خەڵکی سەرتاسەری ئێران بۆ گەیشتن بە دادپەروەری و ژیانی باش و داهاتووی دێموکراتیک و یەکسان دەکەن.

ئێمە وەکوو حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە، داوا لە هەموو کۆڕ وکۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان و ناوەندە سیاسی و بڕیاردەرەکانی جیهان دەکەین کە پشتێوانی داواکانی خەڵکی ئێران بن و گوشار بۆ ڕێژیم بێنن کە هەرچی زووتر دەستبەسەرکراوەکانی ئەم خۆپیشاندانانە و هەموو دەستبەسەرکراوەکانی دیکە لە بزووتنەوە جەماوەریەکان لە کوردستان و لە نەتەوەکانی دیکە لە ئێران ئازاد بکا و هاوکات داوای ئازادکردنی هەموو زیندانیانی سیاسی لە ڕێژیمی ئێران بکەن.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**
**٩ی بەفرانباری ١٣٩٦ی هەتاوی**
**٣٠ی دێسامبری ٢٠١٧ی زایینی**

## ڕاگەیەندراوی کۆمیسیۆنی تەشکیلات سەبارەت بە خۆپیشاندانەکانی ئێران




خەڵکی شۆڕشگێر و مافخوازی کوردستان

هەر وەک ئاگادارن، لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا،لە بەشێک لە شارەکانی ئێران و کوردستان، خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئەو ناوچانە، وەک دەربڕینی نارەزایەتی خۆیان بەرامبەر بە گرانی و باری خراپی ئابووری و گەندەڵیی سیاسی، ئیداری و ماڵی دامودەزگاکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و بەرپرسانی، زۆر بوێرانە هاتنە سەر شەقام و بە دروشمی مافخوازانەی خۆیان، تەواویەتی ڕێژیمی ئاخوندییان کردە ئامانج.

خۆپیشاندەران کە هەموو چین و توێژەکان لە خۆ دەگرێ، دروشمی ڕووخانی ڕێژیمیان هەڵگرتووە . لە دوو توێی ئەم دروشمانە، خەڵکی نارەزایی خۆیان سەبارەت بە گرانی، کەم داهاتی و بێ دەرەتانی دەربڕی و سیاسەتی دەستێوەردەران و بەفیڕۆدانی سروەت و سامانی گشتیی وڵات و یارمەتیکردنی گرووپە تێرۆریستیەکانیان لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە مەحکووم کرد. مخابن، بە هۆی سەرکوتی بێ بەزەییانەی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم، چەند کەسێک شەهید کران ، بە دەیان کەسیش برینداربوونە و بە سەدان کەسیش دەستگیر کراون.

کۆمیسیۆنی تەشکیلات لەم پەیوەندیەدا داوا لە سەر جەم چین وتویژەکانی خەڵکی شۆڕشگێڕی کوردستانی ئێران دەکات، دەنگی خۆیان بخەنە پاڵ دەنگی نارەزایەتی خەڵکی ناوچەکانی دیکەی ئێران و لە ئەگەری بەردەوام بوون یان ئەگەری ڕوودانی حەرەکەتی ئێعترازی لەم چەشنە، پشتگیری لێ بکەن.

وێڕای داواکاریمان بۆ پشتیوانی لە حەرەکەت و خۆپیشاندانی خەڵکی ئێران لە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، داواکاریشین ئەم چەند خاڵەی خوارەوە ڕەچاو بکرێت.

یەکەم: بۆ ئەوەی ناوەرۆکی داخوازی و ئاراستەی خۆپیشاندانەکان خەوشدار و بەلاڕێدانەچێ، لە هەر جۆرە حەرەکەتی نەشیاو خۆتان بە دوور بگرن و لەم بارەوە وریا بن و ڕاوڕووت و پەلاماری هێزەکانی ڕێژیم بۆ سەر ئیدارە ودامودەزگا و شوێنەگشتیەکان لەقاو بدەن.

دووەم: لە هەر جۆرەتوندوتیژییەک کە بیانوو بۆ سەرکوتی خۆپیشاندەران و خەڵک بە گشتی، بە دەستەوە بدات، خۆبەدوور بکرن.مەگەر ئەوەی کە حاڵەتی پێچەوانە ڕووبدات و بتانهەوێ بەرگری لە خۆتان بکەن.

سێهەم: داوا لە هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم و بە تایبەت چەکدارانی ڕێژیم لە کوردستان دەکەین کە بەشداری لە سەرکوتی خۆپیشنادەران نەکەن. هاوکات وەبیریشی دێنینەوە ئەگەر بەشداری لە سەرکوتی خەڵکی مافخوازدا بکەن،لە دوارۆژدا، بۆ خۆیان لێی بەرپرسیارن.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**کۆمیسیۆنی تەشکیلات**
**١٠ی بەفرانباری ١٣٩٦ی هەتاوی**
**٣١ی دێسامبری ٢٠١٧ی زایینی**

## ئاگاداریی کۆمیسۆنی تەشکیلات بۆ هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم لە کوردستاندا

لە درێژەی خۆپیشاندانەکانی سەرانسەریی گەلانی ئێران دژ بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ڕێکەوتی ١٠ی بەفرانبار لە شاری ورمێش خۆپیشاندانێکی بەرین بەڕێوە چوو. هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم کە پێشتر خۆیان بو سەرکۆتی خەڵک ئامادە کردبوو، لە پیلانێکی بەرنامە بۆداڕێژراو، بۆ سەرکوت و بڵاوەکردنی خەڵک بە شێوەیەکی بەرین کەڵکیان لە جاش و بەسیجەکانی ناوچە وەرگرت کە زۆربەیان خەڵکی دەشتەبێڵ کە سەر بە پایگای بەسیجی کانی سپین.

ئەم کارەی ڕێژیمش لە درێژەی پیلانەکانی پێشووتری دایە کە دەیەوێ لەم کات و ساتە هەستیارەدا، کێشە و دوو بەرەکیی لە نێوان دوو گەلی کورد و ئازەری دروست بکات و ئاراستەی خۆپیشاندانەکان بە لاڕێدا ببات.

لەم خۆپیشاندانەی شاری ورمێ، چەندین کەس لە خۆپیشاندەران بریندار و چەندین کەسیش دەسبەسەر کران، هەروەها چەندین کەسیش لە بەسیجییەکان بریندار بوون.

کۆمیسۆنی تەشکیلات بو جارێکی دیکە هەموو هیزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامیی لە کوردستان بەگشتی و هێزەکانی ڕێژیم لە دەشتەبێڵ بەتایبەتی ئاگادار دەکاتەوە، نەبنە ئامرازی سەرکوتی خەڵکی وەزاڵەهاتوو و هەتا دەرنگ نەبووە، بگەرێنەوە باوەشی خەڵک. لێرەوە دووپاتی دەکەینەوە، کە ئەم جۆرە کەسانە لە هەڵسووکەوتی خۆیان بەرانبەر بڕیاری گە ل بەرپرسیارن.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**کۆمیسۆنی تەشکیلات**
**١٣ی بەفرانباری ١٣٩٦ی هەتاوی**

## کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ پشتیوانی لە خەڵکی ئێران کرد




کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ لە ڕاگەیەندراوێکدا، پشتیوانی خۆی لە خۆپیشاندانەکانی سەرانسەریی ئێران دەربڕی.

دەقی ڕاگەیەنداراوەکە:

هاونیشتمانانی خۆشەویست، کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ، بزووتنە نارەزایەتییە سەرانسەرییەکان کە ئاکامی ٤٠ ساڵ بێ مودیریەتی و دزی و تاڵان لە نیزامی چەقبەستووی ویلایەتی فەقیهە، وەک دەسپێک بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەزانێت بە مەرجێک کە هێزە بەربڵاوەکانی دژبەری ڕووخان "اپوزانها"، بتوانن لە دەوری لانیکەم: مافی مرۆڤ، دێموکراسی (ئازادی، بەرابەری و سێکۆلاریزم) و بەرابەریی کۆمەڵایەتی، و دابینکردنی مافی نەتەوەکانی ئێران، لە سیستمێکی دێسانترالیزم (فێدراڵ)، دامەزراوەیەکی ڕێکوپێک واتا ئۆپۆزیسیۆنی ڕاستەقینە پێک بێنن؛ کە هەم یارمەتیدەر نارەزایەتییە نێوخۆییەکان (لە پەرەپێدان و قوڵایی خواستی ئەوان) بێت. هەمیش ڕۆڵی خۆیان وەک پێگەیەک بۆ بەرگری لە مافی خەڵکی زوڵملێکراوی ئێران بێننە جێ.

کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ، جارێکی دیکەشپشتیوانی خۆی لە خەباتی خەڵکی ئێران دەکات.

بە هیوای دامەزراندنی دێموکراسی و ڕووخانی هەرچی زووتری کۆماری ئیسلامیی ئێران.

**کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ**

# مستەفا هیجری:
# پشتیوانیی جیهان لە خۆپیشاندانەکانی خەڵک، ئەرکێکە کە هەتا ئێستە لەبیریان کردووە

مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆژی سێشەممە ١٢ی بەفرانبار لە وتووێژێکدا لەگەڵ "دەنگی ئامریکا"، باسی لەوە کردووە: خۆپیشاندانەکانی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێرانی لە ئاکامی کەڵەکە بوون و پەنگ خواردنەوەی نارەزایەتییەکانی خەڵک و درۆ و دەلەسەکانی ڕێژیم و هەروەها بێمتمانەیی ئەو خەڵکە بە ڕێژیمە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات ئاماژەی بەوە کرد: کە ڕاستە خەڵک بە هۆی خراپیی باری ئابووری هاتوونەتە سەر شەقامەکان، بەڵام فراوانبوونی ئەم خۆپیشاندانانە نیشانەی ئەوەیە لەگەڵ داواکردن بۆ باشتر بوونی باری ئابووریی، خەڵك داوای لەنێوچوون و نەمانی ئەم ڕێژیمە دەکەن.

ناوبراو جەختی لەوە کردووەتەوە، خەڵکی کوردستان شانبەشانی هەموو خەڵکی ئێران، لەم داوا دێموکراتیکی و ڕەوایانەی خەڵکی ناوچەکانی دیکەی ئێران پشتیوانی دەکەن و پەیوەست بە خۆپیشاندەران دەبن.

لە درێژەدا ناوبراو وتی: لە کۆتاییدا سەرکەوتن هی خەڵکی ئێرانە و ڕێژیم ناتوانێت بۆ ماوەیەکی زۆر درێژە بە دەسەڵاتە سەرەڕۆییەکەی خۆی بدات.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران، لە کۆتاییدا دەڵێت: ئەرکی سەرشانی هەموو جیهانە، کە لە بەرامبەر ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە داوا ڕەواکانی خەڵک پشتگیری بکەن، چونکە ئەو ڕێژیمە تەنیا بۆ خەڵکی ئێران کارەساتگەلێکی نەخوڵقاندووە، بەڵکو هۆکاری دروست بوون و پەرەسەندنی کێشەگەلی سیاسیی ناوچەکەیە و هەروەها نوێنەرایەتی شەڕی فیرقەی و مەزهەبی لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستدا دەکات و ئەم کێشانە بەرۆکی هەموو دنیا و خەڵکی ناوچەکەی گرتووە، هەر بەم هۆیەوە پشتیوانیی جیهان لە خۆپیشاندانەکانی خەڵکی ئێران ئەرکێکە کە لەبیریان کردووە.

# بەشداری هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات لە ڕێوڕەسمی ساڵیادی شەهیدانی شەوی یەڵدا

هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستی دارا ناتق ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بەشدارییان لە ڕێورەسمی ساڵیادی شەهیدانی شەوی یەڵدا کرد.

ڕێورەسمەکە کاتژمێر ١٠ی سەر لە بەیانی ڕۆژی پێنجشەممە ٣٠ی سەرماوەزی ١٣٩٦ی هەتاوی بەڕێوە چوو، کە تێیدا ڕێز لە یاد وبیرەوەری شەهیدانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تێکۆشەرانی ئاسایشی کۆیە گیرا.

لەو ڕێورەسمەدا بەڕێز دارا ناتق پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی پێشکەش بە ئامادە بووان کرد؛ دەقی پەیامەکە بەم چەشنەیە:

بەڕێز/ هەیئەتی بەڕێوەبەری ڕێورەسمی ساڵیادی شەهیدانی شەوی یەڵدا

وێڕای سڵاو

بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە ئەو کردەوە تیرۆریستییە کە ساڵی رابردوو لە کاتی بەڕێوەچوونی ڕێورەسمی شەوی یەڵدا، کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران پیلانی بۆ دارشتبوو و لە لایەن تێرۆریستەکانییەوە، بنکەی پێشمەرگەکانی کردە ئامانج و بوو بە هۆی شەهیدبوونی پۆلێک لە ڕۆڵەکانی کورد، جارێکی دیکە بە توندی مەحکوومی دەکەین و داوا لە دەزگاکانی ئاسایش و قەزایی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش دەکەین، ئاکامی لێکۆڵینەوەکەیان بە ڕای گشتی ڕابگەیەنن و تاوانبارانی ئەو کردەوە تیرۆریستییە بناسێنن و بە سزایان بگەیەنن.

بێدەنگبوون لە بەرانبەر پیلانگێڕانی ئەم تاوانە دژی مرۆییە و دەیان کردەوەی تێرۆریستی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە عێراق و هەرێمی کوردستان و سەرتاسەری جیهان، ئەم ڕێژیمەی هارتر کردووە و هەر ئەو بێ هەڵوێستییەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە بوو، کە ئێستا سیاسەتی دەستێوەردانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی ئیسلامی بووەتە هۆی بشێوی و ناسەقامگیری و ئاوارەبوونی میلیۆنان کەس لە هاووڵاتیانی وڵاتانی ناوچە؛ نموونەی بەرچاوی ئەم پیلانگێڕییەی ڕێژیم پشتیوانی لە حوسییەکانی یەمەن و حیزبوولّای لوبنان و میلیشیاکانی سووریە و عێراق، بە ناوی جۆراوجۆر، هەروەها پشتیوانی کردن و چەکدارکردن و ڕاهێنانی گرووپە تێرۆریستییەکانی دیکە و داڵدەدانیان لە ئێران بووەتە سیاسەتی نەگۆڕی ڕێژیم.

ئەم سیاسەتەی ڕێژیم ئێستا تەنیا لە چوارچێوەی سنوورەکانی وڵات و نێوخۆی ئێراندا نییە کە بە درێژایی مێژووی دەسەڵاتداریەتی پڕ لە تاوان، جینایەت و سەرکوتی ڕۆڵە ئازادیخواز و مافویست و نیشتمانپەروەرەکانی گەلانی ئێران و گەلی خەباتگێری کورد باس بکرێ، بەڵکوو ئەم ڕێژیمە بۆ ئاسایش و ئۆقرەیی وڵاتانی ناوچە و بەرەی پێشکەوتوو و پرۆسەی دێموکراسیخوازی بووەتە، مەترسییەکی گەورە.

بەشدارانی هێژا !

ڕەوتی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەردەوام بوونی هاوپەیمانی دژی تێرۆریزم ئێستا لە هەموو کاتێک زیاتر مەترسییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران هەست پێ دەکا و گەلی کورد و حیزب و لایەنە سیاسیەکانیش لە شەڕ دژی تێرۆریزم، گەلێک قوربانی پێشکەش بە ئازادی و سەربەستی کردووە و هێزی پێشمەرگەش ڕۆڵی مێژوویی خۆی لەم پرۆسەیەدا گێڕاوە.

بۆیە لەم کۆڕەدا، ئەرکی سەرشانی هەموومانە لەم پرۆسەیەدا تا سەرکەوتنی گەلەکەمان بەسەر تێرۆریزم و دنەدەرانیان بەردەوام بین و بە خەباتی بەردەوامەمان و یەکیەتیی و یەکریزیمان ڕۆحی نەمری شەهیدەکانمان ئاسوودە بکەین.

لە کۆتاییدا سڵاو دەنێرین بۆ گیانی پاکی شەهیدانی شەوی یەڵدای ٢٠١٦ی زایینی و هەموو شەهیدانی کورد و کوردستان.

**بە سپاسەوە**
**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**سکرتاریا**
**٣٠ی سەرماوەزی ١٣٩٦ی هەتاوی**

# یادی لەدایکبوونی پێغەمبەری ئاشتی بەرز ڕاگیرا



خەڵکی تێکۆشەری کوردستان، بە بۆنەی شەوی یەڵدا شەوی لەدایکبوونی دوکتور قاسملوو چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

قارەمانانی دێموکرات لە شاری کامیاران، بە بۆنەی ساڵڕۆژی لەدایکبوونی پێغمبەری ئاشتی ـ دوکتور قاسملوو ـ ی هەمیشە زیندوو چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد. ئە و شوێنانەی کە چالاکیی تێدا بەڕێوە چووە بریتین لە: "دەبیرستانی موعەلیم، ئوستاد شەهریار، ڕازی، کەوسەر، مائیدە، ڕەستگاران، فاتمەی زەهرا، شاهید، هونەرستانی "خارەزمی"، هونەرستانی کارودانشی جەوان، ١٢مێتری تەوحید، کۆڵانەکانی ١٢مێتری، قوتابخانەی گشتی، مزگەوتی ئیمام شافیعی، مزگەوتی خومەینی، کامیارانە کۆن، شارەکی بێعسەت، مەسکەنی مێهری ڕێگای سنە ـ کامیاران، تروەڕێز.

هەروەها تێکۆشەرای دێموکرات لە ئێران لە شارەکانی تاران لە مەیدانی ئازادی، شەقامی کارگەری شومالی، شەقامی سادقییە، "شهر زیبا"، سازمانی "بونیادی شەهید"ی ڕێژیم ناوچەی ١٧، ١٨، و ١٩ و زانکۆی تاران، هەروەها لە شاری "قشم" چالاکیی بەرینی تەبلێغییان بەڕێوە برد.

قارەمانانی دێموکرات لە گوندی "گوڵچییەر"ی شاری مەریوانیش بە بۆنەی شەوی یەڵدا وێنە و تراکتی تایبەت بەو ڕۆژەیان بڵاو کردەوە.

هاوکات ڕۆڵەکانی دێموکرات، لە شاری سەردەشت بە بۆنەی شەوی یەڵدا لە "گەڕەکی جانبازان، کەمەربەندی و فەرهەنگیان" چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.

لەلایەکی دیکەشەوە تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری سەقز، شەوی ٣٠ سەرماوەز و هاوکات لەگەڵ شەوی یەڵدا، شەوی لەدایک بوونی پێغەمبەری ئاشتی، بەشێوەیەکی بەربڵاو لە گەڕەکەکانی تەپەی گۆڕە جولەکە، شیوی جوتیاران، بە شیک لە قەوخ، دەوروبەری مزگەوتی حاجی شێخ ئیسماعیل، گاراجی میرەدێ، چەمی وەڵیخان، دەورووبەری ماڵی شەهید ئازاد بەرایی، مەیدانی کرێکار، بازاڕی سەوزی فرۆشەکان ڕێزیان لە ڕێبوارانی ڕێگەی دوکتوور قاسملوو گرت.

# تێکهەڵچوون لە ناوچەی پیرانی سەر بە پیرانشار هاتە ئاراوە



هێزەکانی ڕێژیم لە ناوچەی لاجان هێرشیان کردە سەر گوندی زێوەی لاجان و چەند ماڵیان وێران کرد.

هێزەکانی ڕێژیم لەگەڵ هێزە بەکرێگیراوەکانیان ڕۆژی چوارشەممە ١٣ی بەفرانباری ١٣٩٦ی هەتاوی، کاتژمێر ٣ی دوانیوەڕۆ هێرشیان کردە سەر گوندی زێوەی لاجان، سەر بە شاری پیرانشار و بە شێوەی دڕندانە لەگەڵ خەڵک دەرگیر بوون.

لەو هێرشەدا پێشمەرگەکانی شار لە هێزەکانی ڕێژیم هاتنە دەست و بە هێرشی پێچەوانە، زەربەی کاریگەریان لە هێزەکانی ڕێژیم و بەکرێگیراوانیان دا.

بەپێی زانیاریەکان هێزەکانی ڕێژیم چەند ماڵی خەڵکی ئاساییان بە تەواوی وێران کردووە و لە دەرگیریەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە هێزەکانی ڕێژیم کوژراون و بریندار بوون کە بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان جەنازەی شەش کوژراوی هێزەکانی ڕێژیمیان بۆ نەخۆشخانەی پیرانشار گواستووەتەوە.

دوابەدوای بلاوبوونەوەی ئەم هەواڵە قەرارگەی حەمزەی سپای پاسداران لە ڕاگەیەندراوێکدا کوژرانی چەند ئەندامی سپای تێرۆریستی پاسداران لە شەڕەکەی پیرانشاردا پشتڕاست کردەوە.

لەم ڕاگەیەندراوەدا هاتووە: بەهۆی تێکهەڵچوون لە نێوان پاسدارانی ئەم قەرارگە و هێزی پێشمەرگە لە ناوچەی پیرانشار، ٣ کەس لە پاسدارەکان کوژراون.

شوناسی ئەم ٣ کەسە کە ٣ پلەداری بەرزی ئیدارەی ئیتلاعاتی ورمێن بریتییە لە: گوڵمۆحەممەدی، ئەمان ڕەنجبەر و کاشفی.

# چیاقامەتان یادی یەڵدایان بەرز ڕاگرت

هێزی تایبەتی حیزبی دێموکرات لە چیاکانی کوردستان ڕێوڕەسمی شەوی یەڵدا، شەوی لەدایک بوونی پێغەمبەری ئاشتییان بەڕێوە برد.

کاتژمێر ٧ی شەو، ڕێکەوتی ٣٠ی سەرماوەز، ڕێوڕەسمێک بەبۆنەی شەوی یەڵدا و لەدایکبوونی دوکتوور قاسملو، لە بنکەی خاکی پۆشانی دێموکرات لە شاخەکانی کوردستان بەڕێوە چوو.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە کوورتەباسێک لەسەر شەوی یەڵدا و لەدایکبوونی ڕێبەری هەردەم زیندووی گەل، دوکتوور قاسملوو لەلایەن هاوڕێی پێشمەرگە ڕەفیق میرییەوە دەستی پێکرد.

پاشان کۆڕی سروودی ڕاسان، سروودێکیان لەژێر ناوی قاسملوو پێشکەش کرد.

دواتر ئاسۆ مینبەری کوورتەیەک لە ژیانی پڕبەرهەمی دوکتوور قاسملووی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد.

لە درێژەی ڕێوڕەسمەکەدا یەکێکی دیکە لە خاکی پۆشان بەناوی پێشەوا مۆحەممەدی گۆرانییەکی فۆلکلۆری شادی پێشکەش بە بەشداران کرد؛ لە بڕگەیەکی دیکەشدا بەشداربووان بە گێڕانەوەی قسەی خۆش و بەسەرهات و شێعر و گۆرانی ڕێوڕەسمەکەیان زیاتر ڕازاندەوە.

ڕێوڕەسمەکە بە شایی و هەڵپەڕکێی خاکپۆشان کۆتایی پێهات.

هەر هەمان شەو لە یەکێکی دیکە لە بنکەکانی هێزی تایبەت پێشمەرگەکانی حیزب ڕێوڕەسمی شەوی لەدایکبوونی پێغەمبەری ئاشتیان بەڕێوە برد و تێیدا وەکوو سیمبۆلی تەمەنی دوکتور قاسملوو، وێڕای هەڵکردنی مۆمی ٨٧ ساڵە، چەندین پارچە شێعر و پەخشانیان پێشکەش بە بەشداربووان کرد.

## درێژەی پەیف

دیەی رابردووی، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیش وەڵامی نارەزایی دەربڕینی خەڵک، بە سەرکوت و توندوتیژی و گرتن و کوشتن دەداتەوە و تاکوو ئێستا سەدان کەس لە خەڵکی ڕاپەڕیو خەڵتانی خوێن کراون و دەیان کەس شەهید کراون.

هەموو بەرپرسانی ڕێژیم و هەموو لایەن و حیزب و گرووپ و باڵ و باندی ڕێژیم بەتێکڕا ترسیان لێ نیشتووە و بەتێکڕا و هاودەنگ دەڵێن کە ئەمە پیلانی دوژمنانە و ئەمانەی کە خۆپیشاندان دەکەن دەبێ سەرکوت بکرێن و کۆبکرێنەوە!

وادیارە نزیک بە چوار دەیە دەسەڵاتی ئیسلامیی تاران، تەنیا بەرهەمی زیادکردنی دوژمن بووە کە ئێستا دوژمن تا بەر دەرکی ڕێبەری ڕێژیم ڕۆیشتوە و لە نێو قوم و مەشهەدیشدا نەمان بۆ خامنەیی و ڕێژیمی ئیسلامی دەوترێتەوە!

ئەمجارە دەنگی خەباتکاری و شۆڕشی خەڵکانی ئێران و نەتەوە ستەملێکراوەکان ئەوەندە بەرزە کە گوێی کەڕ وکپی ویلایەتی فەقیهی بە هەموو باندەکانیەوە نایبیسێ. ڕێژیمی پاشایەتی هەرچەند درەنگ، بەڵام لە کۆتاییدا وتی کە دەنگی شۆڕشی خەڵکم بیست، بەڵام ئەم ڕێژیمە گوێی ئەوەندە کەڕە و خۆی ئەوەندە بڕوای بە پڕوپاگەندە چەواشەکانی خۆی کردووە و دەنگی شۆڕشی نەتەوەکانی ئێران ئەوەندە بەرزە کە دەرەتانی بیستنیان نابێ. زبڵدانی مێژوو چاوەڕێی ئەم ڕێژیمە سەرکوتکەر و ستەمکارەش دەکا، بەڵام هیوادارم کە خامنەیی بە مردن یان هەڵاتن دەربازی نەبێ و بەر دەستی دادگای شۆڕشی گەلان بکەوێ.

# شەوی یەڵدا لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بەرز ڕاگیرا



ڕێبوارانی ڕێبازی شەهیدی هەرگیز نەمر، دوکتور قاسملوو، بە بەرزڕاگرتنی یادی لەدایکبوونی سەرداری دێموکراسی، پەیمانیان لەگەڵ ڕێبازەکەی نوێ کردەوە.

شەوی ٣٠ی سەرماوەز پۆلێک لە تێکۆشەرانی دێموکرات و ڕێبوارانی ڕێبازی شەهید قاسملوو لە تەنگیسەری دێموکراتپەروەر ڕێوڕەسمی شەوی یەڵدایان بەڕێوە برد و ئەم یادەیان بەرز ڕاگرت.

هەروەها کاتژمێر ٦ تا ١٢ی شەو، بەشێک لە چالاکانی فەرهەنگی شاری سنە لە تەلاری بابەک و لە بنکەی زاگرۆس لە سنە، ڕێورەسمی شەوی یەڵدایان بەڕێوە برد.

نێوەڕۆکی ڕێوڕەسمەکە، باسێک بوو لەسەر شەوچلە کە تێیدا چەند پارچە شێعر لە لایەن بەڕێزان مامۆستا جەلال مەلەکشا و خاتوونی شاعێر سیمین چایچی خوێندرایەوە؛ ئەم ڕێوڕەسمە بە شایی و هەڵپەڕکێی بەشداربووان و شیرینی و خواردنی شەو چلە کۆتایی پێهات.

هاوکات لەگەڵ تەواو بوونی وەرزی پاییز و هاتنی وەرزی زستان، چالاکوانانی کورد لە کرماشان بە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمێکی تایبەت، ساتێکی هونەری و پڕ لە شادیان تێپەڕاند.

لەم ڕێوڕەسمە کە چالاکوانانی کولتووری شارەکانی سنە، ئیلام و لوڕستانیش بانگهێشت کرا بوون، چەندین پارچە شێعر و پەخشان لە لایەن دڵسۆزانی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی پێشکەشی بەشداربووان کرا.

لەم کۆبوونەوە مامۆستا ئارەش ئەفزەلی، عەلی قوبادی ناسراو بە زانا، موجتەبا کارخاهی و شاعێری مێرمنداڵ گەلاڕێز ئەفزەلی لە چالاکان و فەرهەنگدۆستانی کورد بوون کە شێعریان پێشکەش کرد.

لە درێژەی ئەو ڕێورەسمەدا، هونەرمەندان هدایەت قادری و شاکار مورادیان چەند گۆرانیان پێشکەش کرد کە لەگەڵ هەڵپەرکێ و شایی بەشداربووان هاوکات بوو.

# دەنگی هەنگاوەکانی ڕۆژانی پاکانەحیساب دێ



**مستەفا هیجری**

ڕۆژی پێنجشەممە ٧ی بەفرانبار، هەزاران کەس لە خەڵکی شاری مەشهەد لە کاتژمێری ١٠ی بەیانیدا لە بەرانبەر شارەوانیی شار بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی لە گرانی کۆ بوونەوە. هاوکات لەگەڵ مەشهەد لە شارەکانی یەزد، کاشمەر، نیشاپوور، نەوشەهر و چەند شارێکی دیکە خەڵک لە ڕێپێوان و کۆبوونەوەکانی خۆیاندا، سەبارەت بە گرانی نرخی پێداویستییەکانی ڕۆژانە و لە لایەکی دیکەوە بەرامبەر بە بێکاری و بێداهاتییان کە لەگەڵ گرفتی جیددی ژیانی ڕۆژانەیان بەرەوڕووی کردبوونەوە، بێزارییان لە ڕێژیم دەربڕی.

لەو ڕۆژەوە هەتا کاتی ئامادەکردنی ئەم بابەتە (١٢/١٠/١٣٩٦) خۆپیشاندانی گەلانی ئێران لە چەندین شار بەردەوامە. ئەو خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییانە درێژەی ئەو زنجیرە ڕێپێوانانەن کە لە مانگەکانی سەرەتای ئەمساڵدا، بەتایبەت لەو چەند مانگەی دواییەدا ڕۆژانە لە شارەکانی ئێران بەڕێوە چووبوون و هەر جارێ داوا و ویستێکیان هێناوەتە بەرباس، وەکوو داواکردنی مووچەی دواکەوتووی کرێکاران، ناڕەزایەتی بەرامبەر بە هەڵلووشینی پارەی خەڵکی هەژار کە بە هیوای وەرگرتنی سوودەکەی لە هێندێک لە بانکەکانیان دانابوو کە بە تێکڕای سەرمایە و بەهرەکانیشەوە لە لایەن هێندێک لە مۆرە و دامودەزگا دەسەڵاتدارە گەندەڵەکانی ڕێژیمەوە تێداچوون.

دروشمەکانی خەڵکی ناڕازی ئەگەر لە سەرەتاکانی ئەمساڵەوە زۆرتر سەبارەت بە داخوازی بەرتەسک و بچووکی ئابووری و وەرگرتنی مووچەی دواکەوتوو، یان سەبارەت بە قەرەبوو کردنەوەی زەرەر و زیانەکانی ئەو پارانەیان بوو کە لە بانکەکان دایان نابوو، وردەوردە و بەتایبەت لە ڕێپێوانەکانی پێنجشەممە و هەینی مەشهەد و قوم و کرماشان تەواو ڕەنگ و بۆنی سیاسی و دژی ڕێژیمی بە خۆیەوە گرت.

نموونەی ئەم دروشمانەی کە خەڵک لەم خۆپیشاندانانەدا دەریانبڕیوە بریتین لە:

"دەستبەرداری سووریە بە، فکرێک بە حاڵی ئێمە بکە"، " مەرگ، یان ئازادی"، "زیندانیی سیاسی دەبێ ئازاد بکرێ"، "خەڵک سواڵ دەکات ئاخوند خوداییی دەکات"، "مەترسێن مەترسێن، ئێمە هەموومان پێکەوەین"،"نە غەززە، نە لوبنان، گیانم بە فیدای ئێران"، " مردن بۆ دیکتاتۆر"، " چە هەڵەیەکم کرد کە شۆڕشم کرد"، "مردن بۆ حیزبوڵڵا"، "کۆماری ئیسلامیمان ناوێ" و ... .

بەرفراوانیی خۆپیشاندانەکان و بەتایبەت ناوەڕۆکی دژە ڕێژیمیی دروشمەکانی خەڵک لە تەواوی ماوەی تەمەنی ئەو ڕێژیمەدا بێوێنەیە، بۆیە ئەگەر لە ماوەی یەک مانگی ڕابووردوودا چەندین بوومەلەرزە تاران و شارەکانی دیکەی ئێرانی ڕاشەکاند و بەداخەوە لە پارێزگای کرماشان کارەساتی خولقاند، ئەم خۆپیشاندانەش بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی بوومەلەرزەیەک بوو کە لە ڕاستیدا تەختی دەسەڵاتی ئەو ڕێژیمەی لەراندەوە و وادیارە ئەوانیش لەرزینی دەسەڵاتەکەیان هەست پێ کردووە و هەرکام بە شێوەیەک ئەو هەستەیان دەربڕیوە.

چەند نموونە لە نیگەرانی و ترسی بەرپرسانی ڕێژیم لەم جوولە نوێیەی خەڵکی ئێران بریتین لە:

- "لەو ڕۆژانەی دواییەدا ڕەوتی دەربڕینی ناڕەزایەتی لە هێندێک لە شارەکان شکڵی گرتووە، کە دروشمەکانی ئەوان بۆنی وەیشوومەی "فتنە" لێ دێ." (١)

- سەرنج نەدانی هێندێک لە دامودەزگاکانی دەوڵەتی بە داواکاریی بژیویی خەڵک، کاری گەیاندە دەربڕینی ناڕەزایەتی سەر شەقام، هەر چەند لەو گردبوونەوانەدا، خەڵک دەستپێکەرن، بەڵام ئەوەی کۆتایی پێ دێنی مەرج نییە خەڵک بن".(٢)

هۆی تووڕەیی خەڵک چییە؟

لە ماوەی نزیک بە چل ساڵ تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا، خەڵکی ئێران ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر کەوتنە ژێر زەخت و زۆری ئەمنییەتی، ئابووری، کولتووری و ... .

لەو ماوەیەدا ئەو خەڵکە بە هۆی باوەڕە ئایینییەکانیان، شوێندانەریی شانۆگەرییە جادووگەرانەکانی ئاخوندە بەکرێگیراوەکانی ڕێژیم، توندوتیژی و سەرکوتی بێبەزەییانەی نارازییەکان و چەند هۆکاری دیکە، زۆربەی خەڵک ئەگەر جاروبار بۆڵەیەکیشیان دەکرد، بەڵام ئامادە نەبوون بە هاتنە سەر شەقامەکان گیانی خۆیان بخەنە مەترسییەوە. بەتایبەت لەو ماوەیەدا تاقمی بەناو ڕیفۆرمخواز بە چاوەڕوان کردنی خەڵک سەبارەت بە ئەگەری ئاڵوگۆڕ لە ڕێژیمدا دەورێکی نەرێنیی زۆر خراپیان گێڕا و خەڵکیان لەو چاوەڕوانییەدا ڕاگرت، هەتا لە کۆتاییدا وێرانی وڵات، بێدەرەتانی خەڵک و نەبوونی نان و ئازادییان لە لایەک و تێچووی بێسنوور بۆ گرووپە تیرۆریستییەکان، فراوانخوازیی سەرانی ڕێژیم لە دەرەوەی وڵات و تێوەگلانیان لە چەندین شەڕی پڕتێچوو کە دەیان میلیارد دۆلار سامانی وڵاتی بۆ بەفیرۆ دراوە، گەندەڵی و تاڵانی داهاتی وڵات لە لایەن بەرپرسانی ورد و درشتی ئەو ڕێژیمە و لەقاودانی دزی و تاڵانەکانی یەکتر، بۆ خەڵک ڕوون بووەتەوە کە ئەو ڕێژیمە چماڵوێرانێکی بۆ پێک هێناون و چۆن ئەو ماڵوێرانییە ڕۆژبەڕۆژ قووڵتر دەبێتەوە.

چەند نموونەی زۆر بچووکی دانپێدانانی بەرپرسانی ڕێژیم بە گەندەڵییەکانیان و ئەو ماڵوێرانییەی کە بەسەر خەڵکی ئێرانیان هێناوە ئاماژە پێ بکەین:

- حوجەتولئیسلام محەممەد جەعفەری مونتەزیری دادستانی گشتی، لە کۆبوونەوەی پسپۆڕیی پولیسی بەربەرەکانی لەگەڵ قاچاخ کردنی شتومەک و پوول دەڵێ: "کاتێک هێندێک لە بەرپرسان و کەسانێک کە دەبێ بە دڵسۆزییەوە لە مەیدانی بەربەرەکانی لەگەڵ قاچاخ چالاک بن، بۆ خۆیان، یان منداڵەکانیان، یان کەسانێک کە پێوەندییان بەوانەوە هەیە بە جۆرێک لە کاری قاچاخ کردندا بەشدارن، چۆن دەکرێت چاوەڕوان بین بەربەرەکانی لەگەڵ قاچاخ کردن بە ئاکام بگات؟"، ناوبراو هەر لەو کۆبوونەوەدا و لە بەشێکی دیکەی لە قسەکانیدا دەڵێ: "ڕاپۆرتێکیان لە یەکێک لە پارێزگاکان پێ گەیشتووە کە ١١٢٨ کانتینر شمەکی قاچاخ دۆزرانەتەوە، ئەو ١١٢٨ کانتینرە مەگەر دەرزییەکە کە لە قوتوو شقارتەی بنێی... ".(٣)

- ماڵپەڕی فەرمیی مەجلسی شۆرای ئیسلامی لە زمان خانم پەروانە سەلەحشوور دەڵێت:

- "بەپێی تازەترین ئامارەکان، ئێران پلەی یەکەمی هەیە لە توندوتیژی کۆمەڵایەتی لە نێو ١٤٢ وڵاتی دونیادا"، ئەو ڕاپۆرتە لە درێژەدا دەڵێت: "لە بەفرانباری ساڵی ١٣٩٥ی هەتاوی، ڕێکخراوی پزیشکی یاسایی ئێران ڕایگەیاند کە لە ماوەی هەشت مانگی سەرەتای ئەو ساڵەدا، زیاتر لە چوارسەد هەزار برینداری پێکهەڵپڕژانی خەڵک گەیندراونەتە ناوەندەکانی پزیشکی یاسایی".

- "ئێران پلەی یەکەمی لە خۆسووتاندنی ژنان لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاستدا هەیە" (٤).

"خۆکوشتن لە ئێراندا بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر لە هەڵکشان دایە، فایلەکانی دەستبردن بۆ خۆکوشتن لە ماوەی ٥ ساڵدا، لە ساڵی ١٣٩٠ تا ١٣٩٤ لە نێو ژناندا ٦٦٪ و لە نێو پیاواندا ٧١٪ زیادی کردووە" (٥).

- بەپێی تازەترین لێکۆڵینەوەی وەزارەتی تەندروستیی ئێران کە ئاکامەکەی لە ١٩ی خاکەلێوەی ئەمساڵدا بڵاوکرایەوە، نزیک ٢٤٪ی خەڵکی ئێران تووشی کێشەگەلی دەروونین.

ئەوانە تەنیا نموونەگەلێکن لە دۆخی نالەباری خەڵکی ئێران، کە بەرهەمی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی بۆ ئەوانە، نەگبەتی و نەهامەتییەک کە ڕۆژبەڕۆژ زیاتر کەڵەکە دەبێ و ڕێژیم نە دەیەوێ و نە توانای چارەسەرکردنی ئەم هەموو کێشانەی هەیە. لە کاتێکی ئاوا دایە کە خەڵک متمانەی بە ڕێژیم نامێنێ و هیوابڕاو دەبێ لە چارەسەریی کێشە بێسنوورەکانی و دەست دەداتە سەرهەڵدان و دەربڕینی ناڕەزایەتیی دژی ئەو ڕێژیمەی کە لە جیاتی ژیانێکی شیاوی سەردەمیانە، دۆزەخێکی بۆ پێک هێناون، سەرهەڵدانێک کە ئێمە لە ئاکامی ڕاپۆرتی سیاسیی کە پێشکەش بە هەفدەیەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیمان کرد، بەم چەشنە پێشبینی کراوە:

"دوورەدیمەنی داهاتووی ئێران ئێرانێکی شکستخواردوو لە دەرەوە، لە باری ئابووری و سیاسی پەراوێزخراو، لە نێوخۆ بەرەوڕوو لەگەڵ گرفت و ناتەبایی و ناڕەزایەتی کەڵەکەبوو کە ڕۆژبەڕۆژ زیاتر دەبێ". (٦)

ئەو خۆپیشاندانانە و دروشم و داخوازییانەی خەڵک هەموو هێڵە سوورەکان و شتە بەناو پیرۆزەکانی ڕێژیمی بەزاندووە و تێکی شکاندووە، ورەیەکی نوێی وەبەر خەڵک ناوە و کۆماری ئیسلامیی لە چەند ڕێیانەیەکی دژواردا داناوە، کە بڕیاردان بە هەر بارێکدا تێچوویەکی زۆری بۆی هەیە:

یەکەم ـ ڕێژیم کە ساڵانێکە بە ناوی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی، کێشە و ئاڵۆزیی لە چەندین وڵاتی موسڵمانی وەک عێراق، لوبنان، یەمەن، فلستین و ... سازکردووە یان خۆی تێوەگلاندووە و داهات و سامانی وڵات و تەنانەت نانی سەر سفرەی هەژارانی ئێرانی لەو ڕێگایەدا سەرف کردووە و بە دروشمی ساویلکانە و عەوام خەڵەتێنی لەنێوبردنی ئیسرائیل و دژایەتیی لەگەڵ ئامریکا و وڵاتانی عەرەبی موسڵمان ویستوویەتی خۆی لە ڕواڵەتی پشتیوانی ئیسلامی (شیعەی ویلایەت فەقیهـ)ی لە دنیادا لە قەڵەم بدات و ناتوانێت دەستی لێ هەڵبگرێت؛ لەمەوبەدوا سیاسەتێکی ماقووڵانە لە پێناو ڕازی کردنی خەڵکی خۆی بگرێتەبەر و چی دیکە سیاسەت و دروشمە سواوەکانی دژی ئیسرائیل و ئامریکا و ... درێژە نەدات و کوێخایەتی موسڵمانان نەکات. ئەگەر ئەو ڕێگایە هەڵبژێرێ لە بەرانبەر ئەو پرسیارەی خەڵکی ئێران هیچ وڵامێکی شیاوی پەسەندکراوی نییە، کە بۆچی ئەو هەموو ساڵە لەو شەڕ و بەربەرەکانییە بێئاکامانەدا ڕۆڵەی خەڵکی بە کوشتن داوە و وڵاتی وێران و خەڵکی برسی کردووە؟ خۆ ئەگەر ئەو سیاسەتە سەقەتە دەرەکییانەشی هەروا درێژە بدات، چۆن دەتوانێ خەڵکی وەزاڵەهاتووی خۆی ڕازی بکات و تووڕەییەکانیان دابمرکێنێت؟

دووهەم ـ لە هەمبەر ڕێپێوان و دەربڕینی ناڕەزایەتیی خەڵک چ دژکردەوەیەک نیشان دەدا؟ ئەگەر بێت و ڕێگای توندوتیژی و سەرکوت کردن بۆ بێدەنگ کردنی خەڵک هەڵبژێرێت، ڕێگایەک کە تا ئێستە تەنیا بژاردەی ڕێژیم بۆ وڵامی ناڕەزایەتییەکانی خەڵک بووە، بێگومان خەڵک تووڕەتر دەکات، درێژەدانی ئەو ڕێگایە بۆ هەمیشە لە ئەزموونی حکوومەتە دیکتاتۆرەکانی دیکەشدا لەگەڵ شکست و ناکامیی دیکتاتۆرەکاندا بەرەوڕوو بووەتەوە.

خۆ ئەگەر بیەوێت لەگەڵ خەڵکی سەر شەقامیشدا ڕێگای سازان بگرێتەبەر و بە نەرمی هەڵسووکەوتیان لەگەڵ بکات، ئەوە خەڵک بێجگە لە تێکەوەپێچانی تەخت و بەختی ئەو ڕێژیمە بە شتێکی دیکە ڕازی نابن، چوونکە هیچ متمانەیەک لە نێوان خەڵک و ڕێژیمدا نەماوەتەوە، ڕێژیم خەڵک بە بەهێزترین دوژمنی خۆی دەزانێ و دوژمنانە لەگەڵی هەڵسووکەوت دەکات و خەڵکیش دوای نزیک بە چل ساڵ بیستنی درۆ و نانبڕاو کردنیان، هیوایان بە ئاڵوگۆڕ و چاکسازیی ڕێژیم نەماوە و بەحەق بە داگیرکەریی ئازادی و ژیانی خۆیان دەزانن و ڕزگاری خۆیان لە نەمانی ئەو ڕێژیمە دەبینن؛ بۆیە خەڵک پەنجەی بەهێزی خۆی لە بنەقاقەی ئەو داگیرکەرە قایم کردووە و تا هەناسەی نەبڕێ دەستی لێ هەڵناگرێت، ئەوەش درەنگ و زووی هەیە، بەڵام ئەملا و ئەولای تێدا نییە.

ئەو درەنگ و زوویەش بەستراوەتەوە بەوەی کەی ڕاپەڕین و ڕێبەرایەتێکی وردبین، کارامە و لێبڕاو سەر هەڵبدات کە بتوانێ لێبڕاوانە شەقام بەرەو ڕووخاندنی ڕێژیم رابکێشێت و لە لایەکی دیکەوە بە وڵامدانەوە بە ویست و داخوازییەکانی چین و توێژە جیاوازەکان بەتایبەت نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێران، یەکگرتوویی و بەشداریی هەموو خەڵکی ئەم وڵاتە بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران و بونیاتنانی حکوومەتێکی دێموکراتیک و ئەمڕۆییانە دەستەبەر بکات. نەک ڕێبەرایەتێک لە چەشنی ڕێبەرانی جووڵانەوەی سەوز کە ڕێبەرایەتی ویلایەتی فەقیهـ ، یاسای بنەڕەتی وڵات و باقی ئەهرومەکانی ڕێژیمیان لا پەسەند بوو و تەنیا ناڕەزایەتییەکەیان دزرانی ئەو دەنگانە بوون (بە وتەی ئەوان) کە ڕێژیم بە قازانجی ئەحمەدینژاد دەستی تێ وەردابوو، هەر بۆیەش خەڵک بەگشتی بەشداری ڕێپێوانەکان نەبوون و بە زوویی سەرکوت کرا. ڕووداوێک کە لە ڕێپێوانەکانی ئەمجارەدا (تا ئێستا) نەک هەر دروشمێکی ئەوتۆ لە پشتیوانی ئەو ڕووداوە و ڕێبەرانی دەستبەسەرکراویدا نەدراوە، بەڵکوو بەپێچەوانەوە دروشمی "ڕیفۆرمخواز، بناژۆخواز ئیدی چیرۆکی ئێوە کۆتایی پێ هات"، لە زۆربەی ڕێپێوانەکان دووپات کرانەوە ئەوەش بە مانای دەنگی هەنگاوەکانی نزیک بوونەوەی ڕۆژانی پاکانەحیساب کردنی خەڵک لەگەڵ حکوومەتە.

**پاوەرەقی:**

**(١) حوسەین شەریعەتمەداری بەرپرسی ڕۆژنامەی "کیهان"ی سەربە حکوومەت.**
**(٢) ئەحمەد تەوەکولی، نوێنەری پێشووی مەجلیس**
**(٣) ناوەندی خەبەری فارس ٢٧/٩/١٣٩٦**
**(٤) بڵاوکراوەی "جیهانی سەنعەت" ١٤ی جۆزەردانی ١٣٩٤**
**(٥) (خەبەر ئانلاین) بڵاوکراوەی حکوومەتیی ١٨ی گەڵاڕێزان**
**٦)» کۆماری ئیسلامی بەرەو داکشان**
**( http://sikirter.org/Detail.aspx?id=١٠٠٢٦&LinkID=١٠)**

# خەباتی ڕۆژهەڵات بەردەوامە

**گەلێک ئازادی بوێ دەبێ نرخی ئەو ئازادییەش بدات.**

**شەهید دوکتوور قاسملوو**



## شەماڵ تەرغیبی

### بەشی یەکەم

### بەرایی

سەربوردە و بەسەرهاتی گەلی کورد ڕەنگە یەکێک لە ناخۆشترین بەسەرهاتەکانی مێژووی مرۆڤایەتی بێ کە تەنیا هاوشێوەکەی لە نێو سوورپێستەکانی ئامریکا یان ڕەشپێستەکانی ئافریقا ببیندرێتەوە؛ بەچەشنێک کە زۆر لەوە ناخۆشتر و کارەساتبارترە کە ناوی بنرێ تراژێدیا. زۆر زەحمەتە مرۆڤ بتوانێت ناوێکی گونجاو بۆ چارەنووسی خوێناوی کورد بدۆزێتەوە. بەهەر حاڵ تراژێدیا، ژینۆساید، کارەسات یان هەر ناوێکی دیکە؛ ئەوەیکە گرینگە ڕەنگە ئەو پرسیارە بێت کە هۆکارەکانی ئەم دۆخە چین؟ یان بە واتایەکی دیکە هۆکاری سەرهەڵدانی تراژێدیای گەلی کورد چییە وکێ بەرپرسیاری خوڵقاندنی ئەم کارەساتەیە؟

زۆر کەس لەو بڕوایەدان کە هۆکارە نێوخۆییەکان وەک خیانەت، جیاوازی ئایینی وعەشیرەتی، لاواز بوونی سیاسەت و دیپلۆماسی، دواکەوتوویی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوونەتە هۆکاری یەکلاکەرەوەی نەگەیشتنی کورد بە مافی خۆی؛ بەدڵنیاییەوە ئەم هۆکارانە هەر کام بۆخۆیان دەور و ڕۆڵ و شوێندانەرییان لە پێکهاتنی ئەم دۆخەدا هەبووە، بەڵام بێ‌شک ناتوانن هۆکاری یەکلاییکەرەوە بن و چەندین پرسی دیکەش نەخشیان گێڕاوە.

کوردستان خاوەن هەڵکەوتێکی هەستیاری جوغرافیایی و ژێئۆپۆلتیکییە کە دەتوانین بێ دوودڵی بڵێین لە هەستیارترین شوێنی جیهان واتە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەڵکەوتووە؛ لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیشدا لە گرینگترین شوێن واتە ئاخێزگەی شارستانیەت هەڵکەوتووە و توانیویەتی لە ڕووی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کلتوورییەوە باندۆڕی زۆر لە سەر هاوکێشە جیهانییەکان دابنێ، هەرئەمەش بووەتە هۆکارێک لەمەڕ ئەوەیکە بە درێژایی مێژوو ببێتە جێگای ململانێ و مشتومڕی سیاسی و ئابووری هێزە نێوخۆیی و ناوچەیی و جیهانییەکان کە بەشی زۆریان بۆ وەدەستخستنی بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری ڕوویان لەم ناوچەیە کرد و بوونە هۆکارێکی سەرەکی لەمەڕ گۆڕینی ڕەوشی ناوچەکە و چارەنووسی زۆربەی نەتەوەکانی ئاکنجی ئەم ناوچەیان گۆڕی کە لەم نێوانەدا گەلی کورد پشکی شێری بەرکەوت و زلهێزەکان ڕاستەوخۆ دەستیان لە چارەنووسی وەردا، بەچەشنێک کە چارەنووسی کورد بووە قوربانی بەرژەوەندی ئابووریی و سیاسی ئەم زلهێزانە، لە سەرووی هەمووانیشەوە بریتانیا، ڕووسیا و فەڕانسە.

زلهێزەکان هاتن و بێ لەبەرچاوگرتنی مافی گەلان، نەخشەی ناوچەکەیان گۆڕی؛ لە ئاکامی ئەم داڕشتنە نوێیە یەکلایەنە و نادادپەروەرانەشدا، هەندێک لە نەتەوەکان لە مافی دامەزرانی دەوڵەتی خۆیان بێبەش کران کە بەرچاوترینیان نەتەوەی کورد بوو. کورد بوو بە یەکەم قوربانی ڕەوتی نوێی نادادپەروەرانەی مێژوو، تەنیا لەبەر ئەوەیکە دروست بوونی دەوڵەتێکی کوردی لەگەڵ بەرژەوەندی ئەم زلهێزانە یەکی نەدەگرتەوە.

واتە ئەگەر لە چوارچێوەی بەرژەوەندی زلهێزەکاندا ببا، بێ ئەوە کورد هیچ خەباتێکی بکردبایا یان تەنانەت ئاگاشی لێ نەبایا(وەک گەلی ئەفغانستان، سوریا، عێراق، بەحرەین، کوەیت و..) دەبوو بە خاوەن دەوڵەت و سەروەری، بەڵام چونکە بە پێچەوانەوە بوو، لە مافی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی بێبەش کرا و هەرچەندە خەباتیشی کرد، بێ ئەکام بوو.

پاش ئەم قۆناغی دابەشکردنی ناوچە لەلایەن زلهێزەکانەوە کە لە ئاکامیدا کورد پارچە پارچە بوو و کەوتە ژێر دەست و دەسەڵاتی داگیرکەران کە هیچ ڕێزێکیان لە سەروەری و مافی ئەم گەلە بەشخوراوە نەدەگرت، کورد هیچ ڕێگەیەکی بۆ نەمایەوە جگە لەوەی کە دەست بکات بە خەباتێکی ڕزگاریخوازانەی دوور و درێژ و خوێناوی و گەلێ لە ڕۆڵە قارەمانەکانی ئەم نەتەوەیە لەم ڕێگا پیرۆزەدا گیانی خۆیان فیدا کرد، بەڵام بەداخەوە ئەمجارەش بەرژەوەندی زلهێزەکان سەری هەڵدایەوە و تێکەڵ بە زێدەخوازی دەوڵەتە داگیرکەرەکان بوو و لە ئاکامی ئەم هاوپەیمانییە دزێوەدا ڕاپەڕینە یەک لەدوای یەکەکانی کورد هەرەسیان هێنا و پاش ئەوە، کوشتن وسووتاندن وکاولکارییەکان دەستیان پێکرد. دەوڵەتە داگیرکەرەکان مانی خۆیان لە نەمانی ئەم گەلە بندەستەدا دەدیت و بۆ گەیشتن بەم ئامانجە دزێوەش بۆنی نەوتیان کرد بە لووتی زلهێزە چاوڕژدەکان و جیهانی ئازادیان کوێر و کەڕ کرد.

کورد هەموو ڕێگەیەکی تاقی کردەوە تاکوو بە مافە ئینسانی و نەتەوەییەکانی بگات، دەستی دۆستایەتی بۆ هەموو کەسێک درێژکرد، متمانەی بە گەلێک لایەن کرد، بەڵام خەیانەتی پێکراو سەرەنجام بەم ئەنجامە گەیشت کە تەنیا دۆستێک هەیەتی شاخەکانی کوردستانن.

بە تاوانی ئەوەیکە دەیهەویست کورد بێت، کورد بمێنێ و لەسەرخاکی باب و باپیرانیدا بە ئازادی و سەربەرزی بژی، بەهایەکی گرانی دا، ئەوەندە گران کە تەنانەت مێژووش بەشەرمەوە نکۆڵی لێدەکات.

لەسەدەی بیستەمدا، یەکەم نەتەوە بوو کە لە بەرامبەر بیروڕای بەڕواڵەت ئازاد و مافی مرۆڤپەروەری ڕۆژئاوا! و بانگەشەکەرانی ئازادی و یەکسانی! بوو بەقوربانی چەکی کیمیایی و قوربانی ئاپارتایدی سیستماتیکی دەستپەروەردەکانی باوەپیارانی دێموکراسی و شارستانی.

بۆ کوورت کردنەوەی بەرایی باسەکەم لێرەدا ئاماژە بە وتەیەکی بەناوبانگی "دانیەل میتران" چالاکی نێونەتەوەیی بواری مافی مرۆڤ دەکەم؛ ناوبراو لە ساڵی١٩٩٧ لە ئاخێوەرییەک لە پارلمانی فەڕانسە ئاماژە بە خاڵێکی سەرنجڕاکێش دەکات و دەڵێ:"کوردەکان تەنیا تیرۆر بووانێکن کە هەمیشە بە توندوتیژ ناودێر کراون". ئەم ڕستەیە دەرخەری ڕاستییەکی تاڵ و تۆقێنەری بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی نەتەوەی کوردە لەم دووسەدەیەی دواییدا. نەتەوەیەک کە بەردەوام حەقیقەتی بوونی لە تەواوی لایەن و ڕەهەندەکانییەوە نکۆڵی لێکراوە.

### کورد گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەت

هەروەک پێشتریش ئاماژەی پێکرا، کورد لە جیهاندا گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەتە؛ خاکی کوردستان لە پاش شەڕی چاڵدێران لە ساڵی ١٥١٤ی زایینی لە نێوان دوو ئیمپراتۆری عوسمانی و سەفەویدا بەکردەوە دابەش کرا؛ ئەم دابەشکردنە لە ساڵی ١٦٣٩ بە واژۆکردنی پەیمانی زەهاو لە نێوان حکومەتی سەفەوی و عوسمانی بە فەرمی ڕاگەیەندرا. دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و هەڵوەشانەوەی ئیمپراتوری عوسمانی، خاک و خەڵکی کوردستان بۆ جارێکی دیکە ڕووبەڕووی دابەشکردنێکی تازە بوویەوە و دواجار بە سەر ٣ وڵاتی تازەدامەزراوی تورکیە، عێراق و سوریە و وڵاتی ئێرانی پاش سەفەوی دابەش کرا.

لە پاش ئەم ڕووداوە، نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکان کەوتە بەر پۆستاڵی داگیرکەران و مافە نەتەوایەتییەکانی (ئەمجارەیان بەشێوەیەکی یاسایی و حقوقی) پێشێل کرا؛ لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٩ی زایینییەوە هزری نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا سەری هەڵدا و کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر بزووتنەوەی مافویستانەی گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستانیش دانا.

لە ساڵی ١٨٨٠ی زایینی بە دواوە، بە دەستپێکردنی ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری بە دژی هەر دوو دەسەڵاتی عوسمانی و قاجاڕ و بە هێنانەگۆڕی داخوازی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی، بەردی بناغەی بیری نەتەوەیی لە هەموو کوردستاندا دانرا.

لە ساڵانی کۆتایی شەڕی جیهانیی یەکەمدا، بە هاتنە سەرکاری ڕەزاخانی پەهلەوی، سمایل ئاغای شکاك سەرهەڵدانێکی نەتەوەیی لە باکووری کوردستانی ئێران، بە مەبەستی دامەزرانی قەوارەیەکی نەتەوەیی بۆ گەلی کورد، وەڕێ خست. هاوکاتبوونی ڕاپەڕینی سمکۆ لەگەڵ سەرهەڵدانە نەتەوەییەکانی شێخ مەحموودی بەرزەنجی و شێخ سەعیدی پیران لە باشوور و باکووری کوردستان، لە بەرامبەر دەوڵەتە تازە دامەزراوەکانی عێراق و تورکیەدا، دەرفەتێکی مێژوویی بۆ کورد ڕەخساند، تا بتوانێ چارەنووسی خۆی بە دەستەوە بگرێ. بەڵام هەلومەرجی دژواری نێونەتەوەیی کە بە هۆی شۆڕشی سوسیالیستییەوە هاتبووە ئاراوە، زیاتر ناوچەکەی کردە مەیدانی گەمەی زلهێزەکان. ئامادەنەبوونی زەمینەی نێوخۆیی و هێرشە هەمەلایەنەکانی هەر سێ دەوڵەتی تازەدامەزراو و پشتیوانەکانیان بۆ سەر کوردستان، هەر سێکی ئەو ڕاپەڕینانەیان تێك شکاند.

# خۆپیشاندانەکانی ئێران و پرسی کورد



**دیاکۆ خەیات**

گرتینی ئەو چەند ڕۆژەی بزووتنەوەی ئیعترازیی سەرانسەری ئێران بە ئامانجی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەوەیکە زۆر پرسیاری بۆ زۆر کەس دروست کردووە، بەڵام زۆر وەڵامیشی بۆ زۆر پرسیار داوەتەوە و پەردەی لە سەر زۆر ڕاستیی لاداوە. پرسیار لەسەر دینامیزم و قەوارەی پۆتانسییەڵی ئەو ئیعترازە ڕادیکاڵە- کە دیاریکەری درێژەکێشانی بزووتنەوەکەیە- لەپاڵ پرسیار لە سەر ئاراستەی سیاسیی و ئیدئۆلۆژیکەکەی- کە ئاسۆی سیاسیی ئێران دەخەملێنێ- دوو پرسیاری سەرەکین؛ لەگەڵ ئەوانەش ناڕوونی چۆنییەتی دژکردەوەی ڕێژیم لە ئەگەری درێژەکێشان و ڕادیکاڵتربوونی بزووتنەوەکە و هەروەها بەربڵاویی سێناریۆ جۆربەجۆرەکانی داهاتوو، توانای وڵامدانەوەمان بەو پرسیارە کە "چی لێدێتەوە" لێدەستێنێ.

بەڵام، هەر ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی- سیاسی بەشێکە لە مەنزوومەیەکی دیالێکتیکی کە کەم یان زۆر پەردە لە سەر هەندێک هاوپێوەندیی مێژوویی لادەدا و ڕاستیی هەندێک گوزارەمان بۆ دەردەخا؛ هەستانی خەڵکی شار و شارۆچکەکانی ئێران لە بەرامبەر ڕێژیمی داپڵۆسێنەری کۆماری ئیسلامی بۆ دەربڕینی نارەزایەتی و ڕق و قینیان بە نیسبەت ڕەوشی نالەباری ئابووریی و گەندەڵی و دیکتاتۆرییەتی ئەو ڕێژیمە ڕووداوێکی کەللەتەزێن بوو بۆ دەسەڵاتداران و لایەنگرانی. ئەو نارەزایەتییە، تەقینەوەی تووڕەیی پەنگخواردووی ئەو خەڵکەیە کە لە ئابووریی ڕانتیی و گەندەڵی ئەو وڵاتە بێبەش بووە و ساڵانێکە بە دەم تاقیکردنەوەی هەموو پۆتانسییەڵەکانی ئەو ڕێژیمە چاوەڕێی گۆڕانێکی ئەرێنی لە ژیانیدا بووە، بەڵام ئەوەی ڕوویداوە هاتنە خوارەوەی ئاستی بژێوی ژیانیان و کەمبوونەوەی توانای کڕینیان بووە کە ساڵ بە ساڵ سفرەی خواردنیانی چکۆلە و چکۆلەتر کردۆتەوە.

لە کاتێکدا بە بەر چاوی خۆیاندا، ڕێژیم بۆ وەدەست هێنانی ژێستی "حاکمی ڕۆژهەڵاتی نێوڕاست" بە لێشاو پارە و چەک و چۆڵی ڕەوانەی دەرەوە کردووە؛ لە کاتێکدا بەشە بودجەی ناوەندە زانستی و پەروەردەییەکان کەم دەکرێتەوە و بودجەی سپای پاسداران ٥١ لە سەد زیاد دەکرێ؛ ئەو بودجەیەش کە تەرخان دەکرا و دەکرێ بۆ ئاوەدانکردنەوە، بە هۆی ناکارامەیی و بێ کیفایەتی بەرپرسان و دارماویی پێکهاتەی ئابووریی ئێران - کە ئەزقەزا ئەویش بەرهەمی ئەو ڕێژیمەیە- هیچ ئامانجێکی لە قازانجی کۆمەڵانی خەڵک نەپێکاوە و ناپێکێ. کەوابوو لە ئابوورییەکی وەها سەقەت و ئیفلیج دا کە تاقە کارکردی بۆتە تێرکردنی هەندێک تاقمی دەسەڵاتدار و دەوروبەرەکانی و برسێتی و پاشکەوتنی ڕۆژ لەدوای ڕۆژی باقی کۆمەڵگە، سەرهەڵدانی جەماوەریی دەبێ ئەگەرێکی گەورە بێ. ئەو نارەزایەتییە تەنیا چینی دەسکورتی کۆمەڵگە ناگرێتەوە، بەڵکوو ئەو چینە مام ناوەندییەش کە وەسڵ نییە بە سیستەمی ڕانتییەوە و لە مێژ ساڵە بە دەست کەسادی و قەیرانی "فەزای کەسب و کار"ەوە دەناڵێنێ، هاودەنگە لەگەڵی؛ کەوابوو، بە قبووڵ کردنی ئەو ڕاستییە کە دواکەوتوویی ئێران دەرەنجامی بێکیفایەتی و ناکارامەیی دەسەڵاتدارانی ڕێژیمە، تا ڕادەیەکی زۆر هۆکاری بنچینەیی ئەو ڕووداوانەی کە لە شارەکانی ئێران لە ئارادان، دیارە.

بەڵام بۆ لە کوردستاندا تا ڕادەیەک بێ دەنگی هەیە؟ ئەوەیکە کوردستان یەکێک لە دواکەوتووترین ناوچەکانی ئێرانە و لە ڕووی ئابوورییەوە خەڵکەکەی بە نیسبەت باقی ناوچەکانی ئێران- بەتایبەتی ئەوانەی سەرهەڵدانی نوێیان تێدایە- لە ڕەوشێکی خراپتردا دەژین بەپێی ئامارەکانی کۆماری ئیسلامی حاشاهەڵنەگرە. کەچی هێشتا تێکەڵ بەو ڕەوتە ئیعترازییە نەبووە و خۆی ڕەگەڵ نەخستووە؛ ئەمەش لەکاتێکدایە کە کوردستان بەردەوام سەنگەری سەرهەڵدان و نارەزایەتیی پێکهاتەمەند و ڕادیکاڵ بووە.

لێرەدایە کە ئەو پرسیارە، پەردە لە سەر حەقیقەتی نێوەڕۆکی بزووتنەوەی کوردستان لادەدا و پێمان دەڵێ کە چییەتیی و دینامیزمی بنەمایی بزووتنەوەی کوردستان و ئەو ڕێڕەوەی پێیدا تێپەڕیوە جیاوازییەکی لەگەڵ ئەوەی لە سەرانسەری ئێران دەگوزەرێ هەیە؛ ئەویش ئەوەیە کە لەگەڵ ئەوەیکە نەهێشتنی هەڵاواردن و پێراگەیشتن بە کوردستان خواستی خەڵکی کورد بووە، بزووتنەوەی کوردستان قەت لە سەر ئەساسی خواستی ئابووریی و وەرگرتنی بەشە بودجە و گەشەپێدانی ئابووری نەبووە، بەڵکوو بنەمای ئەو بزووتنەوەیە گەڕاندنەوەی کەرامەت و سەروەریی سیاسی و نەتەوەییەکەی بووە کە لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی بەناو مۆدێرن لە ئێران لێی ئەستێندراوەتەوە و پێشێل کراوە. ئەو نەتەوەیە کە ساڵانێکی دوورودرێژە لە پێناو دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەیی و سیاسییەکانی، دەیان قات زیاتر لە خەڵکی شوێنەکانی تری ئێران برسێتی و بێکاری و دواکەوتوویی ئابووریی و هەژاریی تەحەمول کردووە سرووشتییە و چاوەڕوانکراوە کە ئامادە نەبێ گومان بخاتە سەر پرسە سەرەکییەکەی؛ گومانێک کە بە دەیان ساڵە داگیرکەر دەیهەوێ بە هەموو فرت و فێڵێک بیخاتە سەر پرسی بزووتنەوەی کوردستان؛ کە ئەزقەزا نوێترینیان بە ئیسلاحخوازەکانی کورد ئەسپێردراوە کە هەم لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا خواستی کوردیان تا ئاستی قیرەتاوکردنی جادەیەک دەهێنا خوار و هەمیش بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕاسانی ڕۆژهەڵات، تەوسەعەی ئابووریی کوردستانیان کردبوو بە پاساو و ڕاسانیان وەک بەربەستێک لەبەردەم "تەوسەعە"ی ئابووریی کوردستان پیشان دەدا. با لەوەش گەڕێین کە نەیانویستووە ئەو ڕاستییە بزانن کە دواکەوتوویی کوردستان بەپێچەوانەی باقی ناوچەکانی ئێران نەک بە هۆی ناکارامەیی دەسەڵاتداران بەڵکوو ئاکامی سیاسەتی بەئەنقەستی داگیرکەران بووە بۆ پێشنەکەوتن و گەشەنەسەندنی کوردستان. بۆیە هەڵوێستی تا ئێرەی خەڵکی کوردستان هەم چییەتی ڕاستەقینەی بزووتنەوەی کوردستانی جارێکی تر سەلماند و هەمیش وەڵامێکی گونجاوی بە نەیارانی داوە.

بەڵام بۆچی پێویستە لەمەوبەدوا کوردستانیش تێکەڵ بە ئیعترازە سەرانسەرییەکان بێت؟ بێدەنگیی هەتا ئێستای شارە کوردەکان هەروەک گوترا، هەندێک ڕاستیی مێژوویی دەرخست؛ بەڵام بۆ کەڵک وەرگرتن لە دەرفەتی ڕەخساو، پێویستە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیش بە قازانجی دۆزی ڕەوای کورد دەنگی خۆیان بەرزتر لە جاران هەڵبڕن و لە ڕاستای ئامانجەکانی خۆیان کە گەڕاندنەوەی کەرامەت و سەروەریی نەتەوەییانە بڕژێنە سەر شەقام و هێزی بێ هێزی ڕێژیمی داگیرکەر وەهەراسان بخەن. لەو قۆناغەدا کە هێزەکانی ڕێژیم باوەڕیان بە خۆیان نەماوە و ترسی ڕووخان هێزی سەرکوتکەری بێ هیوا کردووە، ڕاسانی شارەکانی کوردستان دەتوانێ زۆرترین دەسکەوت و کاریگەریی هەبێ. ئەوە دەرفەتێکە کە گەلی کورد دەتوانێ بۆ پێشخستن و نزیک بوونەوە لە ئامانجەکانی، کەڵکی شیاوی لێ وەربگرێ؛ بە تایبەتی کە لە قۆناغی نوێی خەباتدا، هۆشیاری نەتەوەیی و بەرینایی خەبات لە جاران بەرزتر و بەربڵاوترە.

پێویستە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیش بە قازانجی دۆزی ڕەوای کورد دەنگی خۆیان بەرزتر لە جاران هەڵبڕن و لە ڕاستای ئامانجەکانی خۆیان کە گەڕاندنەوەی کەرامەت و سەروەریی نەتەوەییانە بڕژێنە سەر شەقام

هەڵوێستی تا ئێرەی خەڵکی کوردستان هەم چییەتی ڕاستەقینەی بزووتنەوەی کوردستانی جارێکی تر سەلماند و هەمیش وەڵامێکی گونجاوی بە نەیارانی داوە

# پیلانەکانی بەسیج لە نێو زانکۆکانی کوردستاندا



**هاوار زرێبار**

حکومەتی ئێران، وەکوو حکومەتە دیکتاتۆرەکانی دیکەی جیهان، هەمیشە لە زانکۆکان و ئەو شوێنانەی کە لە بواری پەروەردە و فێرکاریدا چالاکییان بووە، ترساوە و بێدەنگ وەکوو بینەرێک دانەنیشتووە و بەردەوام لە پیلان دارشتندا بووە؛ چونکە مەترسیی سەر دەسەڵات و مانەوە و بەرژەوەندیی خۆیان، لەو شوێنە تایبەتانە دەبینێت. زانکۆکانی کوردستانیش، وەکوو ئەو ناوەندانەی کە خوێندکارە کوردەکانی لێیە و شوێنێکە بۆ فێرکاری، هەمیشە ترسی تایبەتی خستووەتە دڵی ڕێژیمی ئێران و بە چاوێکی ئەمنییەتییەوە سەیری کراوە و لەژێر چاوەدێریی تایبەتیشیاندا بووە.

توێژی خوێندکاری کوردستان، چ لە زانکۆکان و چ لە ئەنجومەنە خەڵکییەکان، بەبۆنەی ئەوەی ڕۆڵی گرینگیان لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە، لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە کۆسپ و بەربەستیان بۆ دانراوە و وەکوو مەترسییەک سەیریان کراوە. ئەم ڕوانگەیە تەنیا لە زانکۆکانی کوردستاندا نابینرێت، بەڵکوو لە هەموو زانکۆکانی ئێراندا کە کوردێکی لێ بووبێت، بینراوە! گوشار لەسەر چالاکانی خوێندکاریی کورد، بینراوە و حاشای لێ ناکرێت. ئەم گوشارانە بە بانگهێشت کردن لە لایەن دەزگای ئیتلاعاتەوە بگرە تاکوو بەندکردن و ئەشکەنجەکردنیش بینراوە، بەڵام هیچ کات ئەم چالاکانە کۆڵیان نەداوە و بەردەوام بوون لە خزمەتکردن و درێژەدانی ڕێبازەکانیان.

لەم نێوانەدا، بەسیج، وەکوو ئامرازی سیخوڕیی حکومەت بەکار براون. بەسیج لە هەموو فەرمانگەیەکی حکومەتی و ناحکومەتی و لە واتایەکی بەربڵاوتر: لە هەموو شوێنێکدا وەکوو ڤایرۆسێک بڵاوبووەتەوە. قوتابخانەکان و زانکۆکانیش لە فیلترینی ئەم شوێنانەن. بەسیجی کوردیش، یان خۆماڵیتر بڵێم: جاشە کوردەکان، وەک باقی بەسیجییەکانی ئێران، ئەرکی تایبەتیان پێ ڕادەسپێردرێت کە بەرچاوترینیان، فرۆشتنی نیشتمان و هاوزمانەکانیانە. پێویست بە شیکردنەوەی ئەم باسە نییە و هەموومان دەزانین لە درێژایی مێژوودا، جاشە کوردەکان چ زەبرێک و خەسارێک بوون بۆ سەر کوردستان و خەڵکی کورد.

خوێندکارە جاشە کوردەکانیش، بەشێکن لەو بەسیجانەی کە لە زانکۆکانی کوردستاندا چالاکییان هەیە و کۆمەڵێکیان ناسراون و کۆمەڵێکی تریشیان بە نهێنی خیانەتی خۆیان دەکەن. ئەم جاشانە، بۆ وەرگرتنی پارەیەکی زۆر کەم یان دامەزراندن لە شوێنێک، خەیانەت دەکەن و بۆیان گرینگ نییە کە خەریکی فرۆشتنی خاک و گەلەکەی خۆیانن. ڕاپۆرتدانی خوێندکاران، ئاژاوەگێڕی، بڵاوکردنەوەی دەنگۆ و...هتد، لە چالاکییە بەرچاوەکانیانە و هەندێکجار ئەم کارانە دەبێتە هۆی داخدارکردنی چەندین بنەماڵە. وێڕای هەموو ئەمانە، وەکوو جاشەکانی دیکە، ئەم جاشانەیش لە نێو خوێندکاراندا بە سووک سەیریان دەکرێت و بچووکترین متمانەیشیان پێ ناکرێت.

چالاکانی خوێندکاری و ئەندامانی ئەنجومەن و بنکەکانی نێو زانکۆ، ئامانجی سەرەکیی بەسیجەکانی نێو زانکۆن؛ لە لایەن ئیتلاعات و حەراسەتی زانکۆکانەوە، بەم کەسانە ڕادەسپێردرێت کە وێڕای چاوەدێریی چالاکانی خوێندکاری، ڕاپۆرتیان لێ بدەن و چکۆلەترین جووڵەیان لەبیر نەکەن. لەم نێوانەدا ئەندامانی نهێنیی بەسیج کە لە نێو خوێندکاراندا نەناسراون، ئەرکی تایبەتیان هەیە کە دەنگۆ بڵاو بکەنەوە و دژی چالاکانی مەدەنیی زانکۆ، هەڵوێست بگرن؛ واتە ئەم جاشە نهێنییانە دەیانهەوێت خوێندکارانی دڵسۆزی نێو زانکۆ بە خراپ بناسێنن و دژیان دەنگۆ بڵاو دەکەنەوە.

جاشەکانی نێو زانکۆ، بە بڵاوکردنەوەی ئەو دەنگۆگەلەی کە: چالاکانی خوێندکاری گومانیان لەسەرە یان ئاژاوەچین و...هتد، زەبری خۆیان دەوەشێنن و وێنەیەکی قیزەون لە ئەنجومەنەکان و چالاکان لە مێشکی خوێندکاراندا دروستدەکەن و دەیانهەوێت کەس قەرەیان نەکەوێت؛ بۆیە پێویستە خوێندکاری کوردیش دۆخەکە بناسێت و تێبگات کە ئەمە پیلانی حکومەت و بەسیجە و تا شتێک بە چاوی خۆیان نەبینن، بڕوا بە دەنگۆکان نەکەن. هەروەها ئیحتمالی ئەوە هەیە بەسیجەکان بێنە نێو ئەنجومەنەکانەوە و ڕەفتاری نەشیاویان ببێت، تاکوو ئەنجومەن و چالاکان بە خراپ بناسێنن، بۆیە یەک تاک ناتوانێت نوێنەری کۆمەڵێک کەس بێت، لەم ڕاستایەشدا پێویستە لەهەمبەر ئەم دۆخە هەستیارە، ژیرانە و بە چاوی کراوەوە دانوستان بکەین.

# کۆمەڵگەی ئازاد لە سێبەری دیموکراسیدا

جەماڵ فەتحی

ئەگەر ئازادی پێناسەی ڕاستەقینەی خۆی بۆ بکرێت و هەموو ویست و ئارەزوویەکی دەروونی نەچێتە چوارچێوەی ئازادییەوە و بە ئازادی لە قەڵەم نەدرێت و لە هەموو کۆمەڵگەکان و لە مێشکی هەموو تاکەکاندا پێناسەیەکی ڕاست ببێتە پێوەر و جێگیر بکرێت، پێدەچێت سەرەڕۆیی مرۆڤەکان کۆنترۆڵ و بەرتەسک بکرێتەوە؛ چونکە ئەو ئازادییە کە حەز و خولیای هەموو مرۆڤێکە و تەنانەت لە نێوان مرۆڤ و ئاژەڵیش خاڵێکی هاوبەشە، بندەستیی کەسانێکی دیکەی لێ دەکەوێتەوە و واتای سەرەکیی ئازادی تێکدەشکێنێت و هێڵە سوورەکانیش دەبەزێنێت، بەڵام ئەگەر بەپێچەوانەی ئەمە بێت، ئازادی مانا ڕاستەقینەکەی خۆی مسۆگەر دەکات و ئیتر ئازادی تاکێک بندەست بوونی کۆمەڵگە و تاکەکانی دیکەی بە دواوە نییە و لەگەڵ سەرەڕۆیی جێگەیان پێکەوە ناگۆڕدرێت.

"لۆرد ئەکتەن"، مێژوونووسی ئینگلیزی لە سەدەی ١٩ی زایینی وتوویەتی: "ئەگەر مێژوو بنووسین دەبێت لەو کاتەوە دەست پێ بکەین، کە مرۆڤ هەڵوەدای ئازادی بووە". "ژان ژاک ڕۆسۆ"یش لە وتارێکیدا بە ناوی "ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی" دەقەکەی بەم ڕستەوە دەست پێ دەکات: "مرۆڤ سەرەڕای ئەوەیکە بە سەربەستی لە دایک دەبێت، بەڵام لە هەموو شوێنێکی ئەم دنیادا بندەست و دیلە".

دیارە ڕوانگەکان لەمبارەوە جیاوازن بەڵام ڕوانگەی ڕۆسۆ لە سەر ئازادی ڕوانگەیەکی بەرفراوانە و پێی وابووە، کە هەر تاکێک لە کۆمەڵگە بە حوکمی هێندێ شت، بەشێک لە ئازادییە تاکەکەسییەکانی لێ دەستێندرێت و هەر بەو بۆنەوە ناتوانێت ئارەزوومەندانە و بە ویستی خۆی بژیت و دەستی بە خەون و ئاواتەکانی بگات.

هەر کۆمەڵگەیەک بەپێی بارودۆخ و هەڵکەوتەی سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و تەنانەت جوغرافیایەکەی جۆرێک پێناسە و تایبەتمەندییان بۆ ئازادی هەیە و ئەگەر تاکێکی کۆمەڵگە خۆی لەو هێڵانەی کە وەکوو بەها و بایەخ جێگیر بوون، دەرباز بکات و بیبەزێنێت، دەکەوێتە بەر تانە و لۆمەی عەقڵانییەتی زاڵی ئەو کۆمەڵگەیە و بەپێی یاسا داڕێژراوەکان سزای بە سەردا دەسەپێنرێت.

لە کۆمەڵگە دیکتاتۆرلێدراوەکاندا هێندێ جار بۆ ئەوەی بیروڕای گشتی بە لاڕێدا ببەن، بە پێناسە و گەزی خۆیان هێندێ ئازادی بە کۆمەڵگە دەدرێت و خەڵکی پێ سەرقاڵ دەکەن و بەناوی ئازادییەوە، ئازادی دەخنکێنن؛ جیاوازی نێوان کۆمەڵگەی ئازاد و کۆمەڵگەی داخراو لە چۆنیەتی پێناسە کردن و جێگیر کردنی لە لایەن دەسەڵاتداران و تاکەکانە؛ کۆمەڵگەیەک کە هەمیشە تاکەکانی چاوەڕوانی ئەوەن، دەسەڵاتداران ئازادییان پێ ببەخشن، بە دڵنیاییەوە ناتوانێت کۆمەڵگەیەکی بەختەوەر بێت و لەو ئازادییەی کە پێی بەخشراوە چێژ نابات.

ئازادی و سەربەستی پێش ئەوەی دەستەبەر ببێت، پێویستی بە هێندێ پێشمەرجی سەرەکییە کە یەک لەوانە جێگیر بوونی فەرهەنگی دیموکراسییە، کە ئەوەش پێویستی بە پەروەردەیەکی بەهێز و پۆتانسیەلی ئەو فەرهەنگەیە کە لە کۆمەڵگەیە، لەو وڵاتانەی کە بە قۆناغی "ئازادی نیازێکی مرۆییە" گەیشتوون، بەها و بایەخە کۆمەڵایەتییەکان بەرەو ئاقارێک ئاراستە دەکەن کە کۆتاییەکەی گەیشتن بەو خاڵە گرنگەیە و هەموو کاروبارێکیان بۆ ئەو مەبەستە تەرخان دەکەن و دوارۆژی ڕووناکیان لە گەیشتن بە دیموکراسی و لە سێبەری دیموکراسیشدا گەیشتن بە سەربەستی و ئازادی ڕاستەقینەیە.

ئازادی لە پێناو دیموکراسی تەنیا چەمکێکە کە جەستەی دیکتاتۆرەکان وەلەرزە دەخات و بۆ نەگەیشتنی کۆمەڵگە بەو قۆناغە، بەناوی ئازادی هێندێ سەرەڕۆیی و بێنۆڕمی تاکەکەسی دەکەنە پێوەر و سیمای ئازادی قێزەون و ناشیرین پیشان دەدەن، هەتا کۆمەڵگەی لێ بترسێت و لە گەیشتن بە ئازادی ڕاستەقینە پەشیمان ببنەوە.

تەنیا ڕێگای درێژەدان بە دەسەڵات لە ڕوانگەی دیکتاتۆرەکانەوە، ئەوەیە کە کۆمەڵگە لە واتای ڕاستەقینەی ئازادی تێنەگات و بەرەڵڵایی و ئازادی بە هەڵە جێگیر ببن و بۆ ئەم مەبەستە بە لە بەردەست خستنی کەمترین سامانی گشتی کۆمەڵگە کە بەشێکی کەم و حاشالێنەکراوی مافی هەر تاکێکی کۆمەڵگەیە، لە مافە سەرەکیی و بنەڕەتییەکانیان بێبەرییان دەکەن و چەشنی باڵندەیەکی نێو قەفەس، ئازادیان لێوەردەگرن و نان و ئاویان لە جیاتی ئازادی پێدەدەن و پێناسەی پێداویستییە جەستەیی و ڕۆحییەکان چەواشە دەکرێن؛ لە وەها کۆمەڵگەیەکدا ئازادی ڕابواردنی کاتیی و وەهمی پێناسە دەکرێت.

هەڵسەنگاندن و بەراوردی حکومەتە دیموکراتیکەکان و حکوومەتە دیکتاتۆرەکان ڕەنگە کارێکی ئەستەم بێت، بەڵام بە ناساندن و پێناسەی ڕاستەقینەی ئازادی دەکرێت سیمای ڕاستەقینەی دەسەڵات و هەروەها سیاسەت و پرۆسە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانیان بناسرێت و جیاوازی نێوان دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و پیلانی ئابووری، ئازادیی بەرهەمی دیموکراسی و بەرەڵڵایی بە سانایی لێک بدرێتەوە و تاکی کۆمەڵگە بە پەروەردەیەکی دروست و زانستییانە بە ئازادییەک بگات، کە دیموکراسی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی باڵیان بە سەردا کێشابێت و گەرەنتییان کردبێت.



# ئێمە و وێژمانەکانی داگیرکراوی و هەڵاوێردراوی



کەیوان دروودی

وەک دەزانین هەر وێژمانێک هەڵگری هێڵێکی ڕوونی هزرییە کە لە خۆیدا بنەمایەکە بۆ جیهانبینییەکی تایبەت؛ ئەگەر بەپێی سەردێڕی ئەم وتارە، ئێمە وەکوو کورد دابنین و ئەویتریش وەکوو داگیرکەر، ئەوە بە لای ئەم هێڵە فیکرییەوە روونە. کورد لە داڕشتنی سیاسەتی ئێراندا ـ بۆ نموونە دوای هاتنە سەرکاری ڕێژیمی ئیسلامی ـ هیچ دەورێکی نەبووە و نییە؛ نموونەشیان بچڕاندنی پەیوەندیی بە ئیسرائیل، کەوتنە نێو کێبەرکێی ناتەندروست لەتەک

گەورە وڵاتانی ئیسلامی - عەرەبیی ناوچە و هەڵگیرساندنی شەڕ و سەپاندنی هێژمۆنی بەسەر وڵاتانی دراوسێدایە.

بۆ سەلماندنی ئەوەیکە سەرچاوەی هێزی کۆماری ئیسلامی، گەلی سەردەست و ئایینی تایبەتە و سیاسەتەکەی بۆ ڕاگرتنی ئەم سەرچاوەگەلە بەکارهێناوە، هەر ئەوەندە بەسە. ئەنجامگیریی ژیربێژانە تا ئێرە ئەوەیە کە نە لە دامەزراندن و نە لە بەشداری پێکردنی ناوخۆیی و نە لە داڕشتن و بەدواداچوونی بەرژەوەندیی دەرەکی هیچ کات نە ئیرادەی کوردستان و گەلانیتر

لەبەرچاو گیراوە و نە خواستەکانیان لەلای ئەم دەسەڵاتەوە خراوەتە ئەجێنداوە. کەوایە بۆچی دەبێ لامان وابێ کە جوغرافیای ئێران نیشتمانە و کەنداوی فارس هێڵی سوورە! یان ئەوەی کە تێڕوانینمان بۆ پەیوەندیی ئەم ئێمە و ئەوانە هاوئاستی پەیوەندیی هەڵاوێر و هەڵاوێردراو بێت! ئاخۆ گەلێک کە مەوجوودییەتی ژێرپێ نراوە ،داگیر کراوە و پێویستیی بە ڕێڕەوێکی رزگاریخوازانە هەیە یان هەڵگرتنی گوتاری لابردنی هەڵاواردن!

لە ڕووی نەزەرییەوە، یەکسانی بۆخۆی چەمکێکی ئابستراکتە کە

مرۆڤایەتی بە درێژایی مێژوو وەک درەوشاوەترین دروشمی ئایدیالیستی بە کاری هێناوە و بۆ کوردیش لە نێو ئێران ئەم مەسەلە وەڕاست دەگەڕێ؛ بەڵام لانیکەم لە سەدەی ڕابردوودا نەک هەر لە ئێران بەڵکوو لە بەشەکانی تری کوردستانیش گوتاری لابردنی هەڵاواردن نەیتوانیوە دەسکەوتێکی ئەوتۆی هەبێ.

گوتاری هەڵاواردن گوزارشت لە بوونی کیانێکی یەکگرتوو و خەڵکانێکی هاوچارەنووس دەکات کە بە هۆکاری جیاواز بەشێک لەم خەڵکە کەوتوونەتە پەراوێز و دەستیان بە دەرفەتی یەکسان نەگەیشتووە کە

ئەمەش بە چاکسازی لە سیستمی بەڕێوەبەری ڕێفۆرم دەکرێ.

ئەم گوتارە ئەگەرچی لای گرووپ، ڕێکخراو و حیزبی سیاسیشەوە هەڵگیراوە، بەڵام بەوپێیەی کە ئەم دامەزراوەگەلە لە عەرزی واقیعدا کار دەکەن و پێویستیان بە دانوستان و دانیشتن و وەرگرتنی پووانی جیاواز هەیە، ئەم ڕێکارەیان هەتا ئیستە تا ڕادەیەک پاساو هەڵگرە؛ وەکوو تر لە ئاستی یەکانگیریی نەتەوایەتی و دینامیزمی کۆمەڵایەتییەوە هەندێک خەساریشی هەبووە کە لێرە ناگونجێ بەسەریاندا بێینەوە.

لە ڕاستیدا سەرجەم حیزبە سیاسییەکان لە بەراوردێکی ڕێژەییدا کەمینەیەکی هەرەبچووکی پێکهاتەی نەتەوەیەکی بندەستن کە وێڕای بانگەشەی ڕزگاریخوازی و تێکۆشانی بەرچاویان هیچ کات ناتوانن ئەو هێزە بن کە داگیرکار یان ئەویتر لە عەرزی واقیعدا وا لێبکەن کە مل ڕابکێشێ بۆ داخوازییەک لە ئاستی نەتەوەیەکی چەند میلیۆنیدا؛ کەوایە گەلی کورد لە بەریەککەوتنی ڕێکخراوەییدا ئەگەرچی بزووتنەوەکەی ڕاگرتووە بەڵام لەبەر ناهاوسەنگیی هێزی بەناو دەوڵەتی داگیرکار و حیزبی خۆیدا، نەیتوانیوە ڕێڕەوێک چێ بکا کە زەمانەتی وەرگرتن و پاراستنی مافی نەتەوە بکات.

دیارە مەبەست لەم گوتارە زیاتر خەسارناسییە نەک دانانی ڕێڕەوێکی گشتگیری تەواوی رزگاریخوازیی نەتەوەیی، هەربۆیەش قامک لە سەر ئەو خاڵانە دانرا کە وەک لاوازی بە پەیکەری گەلێکەوە دیارە کە بۆ دوو هەزارە دەچێت سەروەریی خۆی لە دەست داوە. ئەگەر وای دابنین کە ڕزگاریی گەلانی تر کە لە مێژوودا نموونەی زۆرمان لێی هەیە لە قۆناغی خەباتێکی گشتگیری جەماوەری تێپەڕیوە، دەبێ ئەو

ڕاستییە قەبووڵ بکەین کە هەتا بەرامبەری خۆمان وەک ئەویتر پێناسە نەکەین، نە گەرەنتییەک بۆ مافەکانمان هەیە و نە دەتوانین خەبات بۆ رزگاری لە ژێردەستەیی بکەین بە ئەمرێکی چەسپاوی دەروونی لە تاک و بنەماڵە و وەک ئەرکێکی گشتگیر لە سەر شانی کەمینەیەک لایبەرین و وەک گەلانی تر نیشتمان و نەتەوەی خۆمان لە پارادۆکسی ئێمە و ئەوان و ئایدیای ئابستراکتی هەڵاواردن دەرباز بکەین و پێ بنینە قۆناغی خودسازییەکی پشتبەستوو بە جەماوەرێکی ڕزگاریخواز؛

هەربۆیەش دەبێ بەجیددی پێداچوونەوە بە مەسەلەی کرداری ڕزگاریخوازی (کوردایەتی)دا بکەین و لەو شێوازەی رابردوو بۆ شێوازێکی نوێ هەنگاو هەڵبێنینەوە کە لەگەڵ گۆڕانکارییە گەورەکانی ناوخۆی کۆمەڵگەی کوردستان (کوردەواری) و هەڵکەوتەی هەنووکەیی دامەزراوە، ڕێکخراو و حیزبەکانیدا بێتەوە کە بەگشتی لای داگیرکارانەوە خراونەتە دۆخێک کە ناتوانن وەک پێشوو هەڵسن بە راپەڕاندن و هەڵسووڕانی خۆیان، گۆشەچاوێکیشمان لە مێژووی گەلانی دونیا و قۆناغی رزگاری و گەیشتن بە سەروەرییان هەبێت و بەدوور لە پێداگری لەسەر گوتارێکی تایبەت ـ تەنانەت ئەگەر ببێتە بەشێک لە بیرەوەریی مێژوویی و شوناسمان ـ هەوڵی دەرخستنی ئەو راستییانە بدەین کە بۆ ساڵانێکی دوورودرێژ دووپاتمان کردووەتەوە.

# ڕێژیم سەرقاڵی سەرکوتە و بوومەلەرزەلێدراوان لە سەرمادا دەژین

**پێژمان شەریعەتی**

زیاتر لە ٥٠ ڕۆژ بەسەر کارەساتی بوومەلەرزەی کرماشان تێپەڕ دەبێت و بارودۆخی خەڵک نەتەنیا بەرەو باشی نەڕۆیشتووە، بەڵکوو خراپتریش بووە و چارەنووسیان نادیارە و وەرزی سەرما و بەفر و باران تەنگی بە خەڵک هەڵچنیوە.

خەڵکی لێقەوماوی ناوچە بوومەلەرزەلێدراوەکانی پارێزگای کرماشان، دوای دەسپێکردنی خۆپیشاندانەکان لە سەرانسەری ئێران بە دژی ڕێژیم، بە تەواوەتی لە لایەن بەرپرسانی ڕێژیمی ئیسلامییەوە لەبیر کراون، تەنانەت لە میدیاکانی ڕێژیمیشدا باسیان ناکەن.

هەرچەند پێش لە خۆپیشاندانەکانیش ڕێژیم بە شێوەی پێویست بە چارەنووسی لێقەوماوان گرنگی نەدەدا و بۆ کەمکردنەوەی گوشارەکان لەسەر خەڵک هیچ پلانێکی نەبوو و هەموو بەڵێنەکان، دروشم بوون و کردەوەیەکی بەدوادا نەبوو.

لەم بارودۆخەشدا کە بەفر و باران دەستی پێ کردووە و خەڵک ئاوارەن و لە ژێر خێوەتەکان دەژین، ئەو هێزانەی کە پێشتر ڕێژیمی ئێران وەکوو خزمەتگوزار ناویانی دەبرد و دەیگوت کە بۆ یارمەتی خەڵک لەو ناوچانە جێگیر کراون و ئەرکیان چارەسەریی کێشەکانی خەڵکە، یەکشەوە ڕووی ڕاستەقینەیان دەرکەوت کە نەک خزمەتگوزاری خەڵک نین، بەڵکوو تەنیا ئەرکیان سەرکوت و کوشتن و بڕینی خەڵکە.

بەپێی هەواڵە بڵاوکراوەکان لەو ناوچانە، خەڵک بە هۆی سەرما لە بارودۆخێکی زۆر نالەبارن و بارینی بەفر و باران و کەشوهەوای سارد و ژیانی نێو خێوەت و نەبوونی پێداویستیی بۆ گەرم کردنەوە، ژیان و سڵامەتیی ئەو خەڵکە، بەتایبەت منداڵەکان و بریندار و نەخۆشەکانی خستووەتە مەترسییەوە.

لە شاری سەلاسی باوەجانی، بارینی بەفر دەستی پێ کردووە و بارودۆخی خەڵک نالەبار و خراپە و خێوەتەکان بەرگەی بەفر و سەرما ناگرن، هەروەها لە سەرپێڵی زەهاویش بارینی باران هاوشێوەی سەلاسی باوەجانی تەنگی پێیان هەڵچنیوە.

تەنانەت لەو ڕێژە کەمە کانێکسە کە بەو خەڵکە دراون و زۆربەشیان لە یارمەتییەکانی خەڵکین، وەکوو خێوەتەکان بەرگەی سەرما ناگرن و بەڵێنی دابەشکردنی کانێکس بۆ ئاوارەکان وەکوو هەموو بەڵێنەکانیان بە درۆ دەرچوو.

چاوخشانێک بە سەر دۆخی ئەم ڕۆژانەی بوومەلەرزەلێدراوان

لە یەکەم ڕۆژەکانی ڕوودانی کارەساتی بوومەلەرزە لە کرماشان، بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران بەڵێنیان بە خەڵکی بوومەلەرزە لێدراو دا کە بە زووترین کات، کێشەکان و پێداویستییەکانی ژیانی خەڵک دابین دەکەن و دەست دەکەن بە نۆژەنکردنەوەی بینا ڕووخاوەکان.

بە هۆی بوومەلەرزەوە زیاتر لە ٤٠ هەزار خانوو سەداسەد ڕووخاون و ٥٥ هەزار خانووش دەبێ نۆژەن بکرێنەوە و دەیان هەزار کەسیش لە ناوچە بوومەلەرزە لێدراوەکان بێ سەروسامان بوون و لە وەرزی سەرما بە کەمترین پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان، لەو ناوچانەدا دەژین.

بەڵێنیەکانی ڕێژیم لە سەرەتاوە بە دابەشکردنی خێوەت دەستی پێکرد و دوایی بڕیاری دابەشکردنی کانێکس درا، بەڵام هەتا ئێستا نە خێوەتەکان بە ڕێژەی پێویست دابەش کراوە و نە کانێکسەکان.

سەرما و بەفر و باران و چۆنیەتی بەخێوکردنی خەڵک بووەتە کێشەیەکی زۆر گەورەتر لە بوومەلەرزەکە و لە ڕاستیدا بوومەلەرزەی کەمتەرخەمی ڕێژیم زۆر بەهێزتر وماڵوێرانکەرتر لە بوومەلەرزە سروشتییەکە بووە.

لەم ماوەیەدا هەواڵی دڵتەزێن لەو ناوچانە، وەکوو گڕ گرتنی خێوەت و کانێکسەکان، وێنەگەلێک لە ژن و منداڵەکان کە لە ژێر بەفر و باراندا دەژین، بڵاو بووەتەوە کە هەموو ویژدانێکی نەخەوتوو ئازار دەدات.

لە کاتێکدا کە خەڵکی نیشتمانپەروەری کوردستان بە هەستێکی زۆر مرۆڤانە و وڵات پارێزی بە هانای هاووڵاتیانیان لە کرماشان چوون، بەڵام ڕێژیم بە پێشگرتن بە گەیشتنی یارمەتییەکان و دزینیان نەیهێشت کە خودی خەڵک دەردی خۆیان دەرمان بکەن و بە ئەرک سپاردن بە سپای تێرۆریستی پاسداران، نەک بۆ یارمەتیدان و نۆژەنکردنەوە، بەڵکوو بۆ چەوساندنەوەی خەڵک و کەڵکاژۆی ئابووری، تەبلیغاتی بۆ ڕێژیم بە هەزاران چەکدار لەو ناوچانە جێگیر کران و لە یەکەم ڕۆژەوە دەستیان کرد بە تاڵان کردنی کوردستان.

لەم ناوەدا سروشت لە دوو لاوە کوردی ماڵوێران کرد، یەکەم سروشت بە واتای ڕاستەقینە و دووهەم سروشتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە دژە مرۆڤە و کورد بوون لای تاوانە و بە هەموو شێوەیەک هەوڵ بۆ لەنێو بردنی کورد دەدات.

لەم ماوەیەدا هەواڵی گیان لەدەستدان لە سەرما و لەبارچوونی منداڵ بە هۆی نەبوونی نەخۆشخانە و پزیشک و هەروەها گوشارە دەروونییەکان، نەمانی هیوا بە ژیان و داهاتوو بووەتە هۆکاری خۆکوژی لەو ناوچانە و تا ئێستا زۆرتر لە ٢٠ کەس هەوڵیان داوە بۆ خۆکوشتن.

لە ڕاستیدا تاڵان کردنی کوردستان و کەمتەرخەمی و هەموو شێوە دژایەتییەکان لە لایەن ڕێژیم بۆ تاکی کورد لە پێناو پێلانی وردکردنی ئیرادەی خەڵک و لە نێو بردنی کەسایەتی تاکی کوردە، بۆ نموونە لە میدیاکانی ڕێژیم لەم ماوەیەدا چەندەیان پڕۆپاگاندە بۆ دەسەڵاتی ناڕەوای خۆیان کرد. چەندین بەرنامەی تەلەفزیۆنی ساز کرا کە



ماڵوێرانی و دەربەدەری نیشان دەدا ئەوەش نەک بۆ هاوخەمی بەڵکوو بۆ ڕووخاندنی ئومێد بە داهاتوو و چارەسەرنەکردنی کێشەکان.

چەند ڕۆژ لەمەوبەر لە تاران، بوومەلەرزە هات و چاوەکان هەموو ڕوویان لە تاران کرد؛ ئەوەیکە لەو کاتەدا دەرکەوت ئەو ڕاستییە بوو کە ڕێژیم بە لەبیرکردنی کرماشان، تەواوی ئۆرگانەکانی خۆی ئامادە کردووە کە لە ئەگەری ڕوودانی بوومەلەرزە لە ناوچە فارس نشینەکان، بچوکترین کێشە بۆ خەڵک دروست نەبێت.

نموونەی هاوتای ئەوەمان لە کاتی شەڕی ڕێژیمی ئێران و بەعس بە ڕوونی دیوە کە هەشت ساڵ شارە کوردنشینەکان لە ژێر تۆپباران بوون و لە شارە فارس نشینەکان بچوکترین تەقەیەک نەکرا و ماڵی کەس وێران نەبوو، بەڵام هەتا یەکەم مووشەک درا لە تاران بە خواردنی جامی ژەهر کۆتاییان بەو شەڕە هێنا، چوونکە ژیانی ناوەندنشینەکان کەوتە مەترسییەوە.

ئێستاش هەر لەو شارانە وەکوو گیلان، قەسرشیرین و سەرپێڵی زەهاو و بە گشتی پارێزگای کرماشان کە لە شەڕی ئێران و عێراقدا وێران بوون، دیسان بە بوومەلەرزە وێران بوون و بۆ خەڵک دەرکەوت کە تەنیا لەژێر هاوکێشەی سیاسی ئێران دان.

بەرپرسانی ڕێژیمی ئیسلامی، لە ڕۆژەکانی یەکەمدا دەستیان کرد بە سەردان کردنی ناوچە بوومەلەرزە لێدراوەکان و دروشمدان بۆ چارەسەریی کێشەکان، بەڵام ئامانجی ئەوان بەسەر کردنی خەڵک نەبوو، بەڵکوو تێگەیاندنی خەڵک بوو کە لە هەر بارودۆخێکدا، بندەستی ئێمەن.

ئەگەر تێچووی سەفەرەکانی ئەو بەرپرسانە حیساب بکرێت، لە سەرەوەی چەندین میلیارد تمەن لەو سەفەرانە تێچووی بۆ کراوە کە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر باشتربوونی بارودۆخی خەڵکی کرماشان نەبووە، لە حاڵێکدا بە تێچووی ئەو سەفەرانە دەیانتوانی هەزاران خێوەت و کانێکس بۆ لێقەوماوان دابین بکەن.

بە وتەی پارێزگاری کرماشان، لەو بوومەلەرزەیەدا، ئەم شارە ٥ هەزار میلیارد تمەن خەساری دیتووە، ئەمە لە حاڵێکدایە کە ئەم خەسارە لە بەشی ئاوەدانکردنەوە و لەنێوچوونی کەلوپەلی ژیانی خەڵک بەرچاو نەگیراوە.

بە وتەی هوشەنگ بازووەند، پارێزگاری ڕێژیم لە کرماشان، نۆژەنکردنەوەی خەسارەکانی شارە بوومەلەرزە لێدراوەکانی کرماشان، پێویستی بە سەرەوەی ١٠هەزار میلیارد تمەن بوودجە هەیە؛ مەسەلەی سەرنجڕاکێش لەم پێوەندییەدا ئەوەیە کە ئەم بوودجەیە نەتەنیا دابین نەکراوە، بەڵکوو لە گەڵاڵەی بوودجەی ساڵی ١٣٩٧ هەتاوی، لە بوودجەی پێشووتری کرماشان کەمیش کراوەتەوە.

## خوێندکارێکی کارناسی باڵای مێژوو، لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا



لە درێژەی دەسبەسەرکردنی خوێندکارانی کورد لە شارەکانی کوردستان، ڕۆژی دووشەممە ١١ی بەفرانبار، خوێندکارێکی کورد، لە قۆناغی کارناسی باڵای مێژوو، خەڵکی شاری "دەرشار"ی پارێزگای ئیلام لە زانکۆی تاران دەسبەسەر کرا.

ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، شوناسی ئەو خوێندکارە کوردەی بە ناوی "ئیحسان محەممەدی" کارناسی باڵای مێژوو لە زانکۆی تاران ڕاگەیاندووە.

هێزە ئەمنییەتییەکان ئەو خوێندکارە کوردەیان بە تۆمەتی بەشداری کردن لە خۆپیشاندانەکانی ئەم چەند ڕۆژەی دوایی دەسبەسەر کردووە.

هەتا کاتی بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە، هیچ زانیارییەک لە مەڕ چارەنووسی ئەو خوێندکارە کوردە لە بەردەستدا نییە.

## دوو خوێندکاری کوردی زانکۆی ڕازیی کرماشان دەستبەسەر کران

دوو خوێندکاری کوردی زانکۆی ڕازیی کرماشان کە بەشدارییان لە خۆپیشاندانەکاندا کردبوو، لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەستبەسەر کران.

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١١ی بەفرانبار، دوو خوێندکاری کوردی زانکۆی ڕازیی زانکۆی کرماشان لە نارەزایەتییەکانی خەڵک لەلایەن هێزەکانی ئیتلاعات دەستبەسەر کران.

هەواڵنێری کوردپا، شوناسی یەکێک لەم خوێندکارانەی بە "لوقمان وەیسی" خوێندکاری بەشی ژمێریاری خەڵکی شاری سەلاسی باوەجانی ڕاگەیاندووە؛ تا ئێستا شوناسی خوێندکارەکەی دیکە کە خوێندکاری بەشی کتێبدارییە نەزانراوە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار بە هەواڵنێری کوردپای ڕاگەیاند، حەراسەتی زانکۆ هەڕەشەی لە خوێندکاران کردووە لە بەشداری کردن لە خۆپیشاندانەکان خۆیان ببوێرن.

بە وتەی ئەم سەرچاوەیە، بڕیار وایە کە حەراسەتی زانکۆی ڕازیی کرماشان بە مەبەستی کۆنترۆڵ کردنی باردۆخی زانکۆ، چالاکوانە خوێندکارییەکان بانگهێشت بکات.

## ١٥ خوێندکاری زانکۆی تاران لە خۆپیشاندانەکاندا دەستبەسەر کراون



١٥ خوێندکاری زانکۆی تاران، لە کاتی بەشدارییان لە نارەزایەتییەکان دژی گرانی و بارودۆخی نالەباری ژیان لە لایەن چەکدارانی ئیتلاعاتەوە دەسبەسەر کراون.

لەگەڵ دەسپێکی خۆپیشاندانەکانی خەڵکی ئێران، بە دەیان خوێندکاری خۆپیشاندەر گیراون و ڕەوانەی گرتووخانەکان کراون، کە تەنیا لە زانکۆی تاران ١٥ خوێندکار دەسبەسەر کراون و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزراون و لە چارەنووسی ئەوان هیچ زانیارییەک لە بەردەستدا نییە.

ناوی خوێندکارانی زانکۆی تاران، کە لە خۆپیشاندانەکاندا گیراون بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

سینا ڕەبیعی، موحسێن حەقشناس، میکائیل قولیڕاد، پدرام پەزیرە، محەممەد محەممەدیان، عەلی موزەفەری، مەهدی وەهابیسانی، سوهەیل موەحدان، ئارش ئاوەری، دانیال ئیمان، ئەمیرحوسێن عەلی تەڵەب، مەجید ئەکبەری، موحسێن تۆرابی، کەسرا نووری، لەیلا حسەینزادە.

هەروەها ڕۆژی یەکشەممە ١٠ی بەفرانبار، خوێندکارێکی زانکۆی ورمێ، بە ناوی "توووران مێهرەبان" و خوێندکارێکی زانکۆی پەیام نووری سنە بە ناوی "موحەڕەم سابری" خەڵکی بیجاڕ لە لایەن هێزەکانی ئیتلاعاتەوە بە تۆمەتی "بەشداری کردن لە خۆپیشاندانەکان" دەسبەسەر کراون.

لە پەیوەندی لەگەڵ گیرانی خوێندکاران لە خۆپیشاندانەکان، وەزیری زانست و فەناوەری ڕایگەیاندووە: کە زانیارییەکی وردیان لە بارەی خوێندکارانی دەسبەسەرکراو لە بەردەستدا نییە و هێشتا هیچ ئامارێك بە وەزارەتی زانست لەمبارەوە نەدراوە.

## کاوە ئاهەنگەری:

# ئیرادەی گشتیی کوردەکان لە ئێران، بە هەبوونی ڕێبەرییەکی شیاو و لێوەشاو بۆ ئەم قۆناغە دەتوانێ بەشێک لە هاوکێشەکان بە قازانجی کوردستان بگۆڕێ.



**خوێنەرانی بەڕێزی "کوردستان"، سەبارەت بە دوایین بارودۆخی ئێران و کوردستان و هەروەها نەخش و دەوری کورد و حیزبی دێموکرات لە هاوکێشەکاندا، ماڵپەڕی "کوردستان میدیا" وتووێژێکی لەگەڵ بەڕێز "کاوە ئاهەنگەری" چاودێری سیاسی و ئەندامی حیزبی دێموکرات ئەنجام داوە کە لێرەدا دەخرێتە بەر دیدی ئێوەی خۆشەویست.**

**ئا: شەهرام میرزایی**
**و: کوردستان**

لە ڕۆژی پێنجشەممەوە، ڕێکەوتی ٧ی بەفرانباری ١٣٩٦ی هەتاوی، خۆپیشاندان و کۆبوونەوەی ئێعترازی بەربڵاو، لە شارە جیاوازەکانی کوردستان و ئێران دژ بە سیاسەتە فاشیستیی و دژەمرۆییەکانی ڕێژیمی ئێران سەری هەڵداوە. بەپێی دوایین هەواڵەکان، لانیکەم ٤٠ شاری گەورە و بچووکی ئێران و کوردستان بۆ ڕووخانی ڕێژیمی تێرۆریستیی ئێران تێکەڵ بەم نارەزایەتییە خەڵکییانە بوون. هەر لەم پێوەندییەدا شەوی شەممە ڕێکەوتی ٩ی بەفرانبار شەش کەس لە خەڵکی نارازیی شاری "دووڕوو" سەر بە پارێزگای لوڕستان، بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم کوژران و چەکدارە تێرۆریستەکانی سپا، ئیتلاعات و بەسیج بە جێگیر کردنی بەشێکی بەرچاو لە هێزەکانیان و بە نواندنی ڕێژەیەکی زۆر لە زرێپۆش و ماشینە ئاوپرژێنەکان، کەشوهەوایەکی تەواو پۆلیسی و خەفەقانیان بەسەر شارەکانی کوردستاندا سەپاندووە. لەم پێوەندییەدا و هەر لە یەکەم کاتژمێرەکانی دەسپێکی ئەم نارەزاییەتییانەدا، بەرپرسانی پلەبەرزی چەندین وڵاتی جیهان لە هەمبەر ئەم ڕووداوانە دژکردەویان نیشان دا و وەزارەتی دەرەوەی ئامریکاش بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەندراوێک داوای لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی کرد، کە پشتیوانیی لە خۆپیشاندانە خەڵکییەکانی ئێران بکەن.

**● لە ماوەیەکی کورتدا پاش خۆپیشاندانەکانی مەشهەد بینەری بەرفراوان بوونەوەی ئەم خۆپیشاندانانە لە شارەکانی دیکەی ئێران بووین؛ بەڕێزتان خێرایی و ئاستی بڵاوبوونەوەی ئەم نارەزایەتییانە چۆن دەبینن؟**

بە ڕای من هۆکاری پەرەسەندنی ڕێژەی ئێعترازەکان بۆ شارەکانی دیکە، دەگەڕێتەوە بۆ گشتگیر بوونی ئێش و ئازاری خەڵکی ئێران لە سەرانسەری ئەم وڵاتەدا یان وەک باوە، بوونی ئێشێکی هاوبەش؛ ئەگەرچی لە پەراوێزی ئێران و بەتایبەت لەو ناوچانەی کە نەتەوە غەیرە فارسەکان تێیدا دەژین تووشی زوڵمی دووقات بوون، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی ئێران هەژارن و قەیرانە جۆراوجۆرەکان یەخەی دادڕیون.
لەلایەکی دیکەشەوە ئەم قەیرانانە ڕابردوویەکی دوورودرێژیان هەیە و مانگ بە مانگ و ساڵ بە ساڵ ئێش و ئازارەکانی دەرهاویشتەی ئەم دۆخە، لەسەر یەک کەڵەکە بوون و هیچ هەنگاوێکیش بۆ چارەسەری ئەم کێشانە و سووک کردنی قورسایی ئەم ئاریشانە لە سەر شانی خەڵک هەڵنەگیراوە. ڕق و بوغزی پەنگخواردووی خەڵک تەقییەوە و پاش ئەزموون کردنی تاک و جیناحە جیاوازەکان لە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوودا، هیچ ڕێگەیەک جگە لە تەقینەوەی تووڕەیی خەڵک بوونی نەما.

**● وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا داوای لە وڵاتانی جیهان کردووە تاکوو پشتیوانی ئێعترازە خەڵکییەکان لە ئێران بەدژی ڕێژیمی ئیسلامی بن، مەبەست لەم پشتیوانییە چییە و لە چ ئاستێکدایە؟**

هەموومان بینەری ئەوە بووین کە پرێزیدێنت ترامپ بەهۆی هەندێک ئایدیای ڕوون سەبارەت بە کۆماری ئیسلامی و ئێران هەڵبژێردرا و سەرۆکایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکای وەدەست هێنا. لە چەند مانگی ڕابردوودا چەندین جار لەلایەن سەرکردە سیاسییەکانی ئامریکاوە، پەیام ئاراستەی کۆماری ئیسلامی کراوە. من پێم وایە ئامریکا پێویستی بە شۆڕشێکی گشتیی لەلایەن خەڵکی ئێرانەوە هەیە تاکوو بتوانێ کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕ لە ئێراندا ئەنجام بدات. ڕێکارەکانی گۆڕینی ڕێژیم لە عێراق و ئەفغانستان بۆ ئامریکا بە قازانج نەبوون بۆیە باشتر وایە ئێرانییەکان بۆ خۆیان بەشێوەی ڕاستەوخۆ ڕەوتی گۆڕان دیاری بکەن و بەشێک لە بەرپرسایەتیی چارەنووسی سیاسییان بکەوێتە دەستی خۆیان. ڕۆژی ڕابردووش پرێزیدێنت ترامپ و وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا بە ڕوونی پشتیوانی خۆیان لە پرسی گۆڕینی ڕێژیم لە ئێران دەربڕی و بە بڕوای من ئەم پشتیوانییە تا ئەو جێگە دەچێتە پێش کە پاڵپشتی لە دژبەرانی کۆماری ئیسلامی بکرێت؛ بۆ ئەم مەبەستەش ئامریکا هەوڵ بۆ کۆکردنەوەی پشتیوانییەکی جیهانی دەدات.

**● کوردستان لە زۆربەی کاتەکاندا شاهێدی ئێعترازی بەربڵاو و گشتگیر بووە کە زۆربەی شارەکانی ئەم نیشتمانەش لە خۆ دەگرێ؛ بۆ وێنە خۆپیشاندانە بەربڵاوەکانی ئەم دواییانەی بانە، سنە و کرماشان لە ئێعتراز بە کوشتنی کۆڵبەران کە بەشێوەیەکی نامرۆڤانە لەلایەن چەکدارانی ڕێژیمەوە سەرکوت کرا بەڵام هیچ کاتێک نەمانبینی کە ئەو وڵاتانەی ئەمڕۆ پشتگیری خۆپیشاندانەکانی ئێران دەکەن، پاڵپشتیش لە ئێعترازی کوردەکان بکەن. پێتان وایە هۆکارەکەی چییە؟**

بەشێک لەم پرسە بەستراوەتەوە بە بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتانە و جۆری پێوەندییەکانیان لەگەڵ حکومەتی ناوەندیی ئێران، بۆوێنە ئێمە لە پاش تێرۆری شەهید دوکتور قاسملوو بینیمان کە ماف و دادپەروەری، کرانە فیدای بەرژەوەندییە بازرگانی و ئابوورییەکانی ئۆتریش لەگەڵ ڕێژیمی زاڵ بەسەر ئێران؛ لە ئێستاشدا شێوازی ڕوانینی دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە. بۆوێنە پشتیوانی نەکردنی ئۆرووپاییەکان لە ئاکامی ڕیفراندۆمی کوردستانی باشور و کاتالۆنیا لە ئیسپانیا. لەپێوەندی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هەمان سێناریۆیە و من پێم وایە ڕۆژئاواییەکان سرنج دەدەنە ناوەند و پەراوێزەکان لەبیر دەکەن.
بەشێکی دیکەی ئەم پرسەش دەگەڕێتەوە بۆ خودی کوردەکان. ستایل و شێوازی کار و لابی گەری حیزبە کوردستانییەکان و ڕێژەی بایەخێک کە بە دیپلۆماسی دەیدەن، کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لە سەر ڕەوتی ڕاکێشانی سرنجی ڕۆژئاواییەکان بۆ پرسی کورد. لە کۆتاییدا من پێم وایە ئیرادەی گشتی کوردەکان لە ئێران بە هەبوونی ڕێبەرییەکی شیاو و لێوەشاو بۆ ئەم قۆناغە دەتوانێ بەشێک لە هاوکێشەکان بە قازانجی کوردستان بگۆڕێ. ئەوەیکە بۆ من ڕوون و ئاشکرایە تەنیا ملکەچ بوونی جیهانە لەبەرامبەر ئیرادەی نەتەوە و هیچی دیکە.

**● بە ڕای ئێوە نوێنەرایەتییەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات چەندە دەتوانن بۆ ڕاکێشانی بیروڕای گشتی و ڕای وڵاتانی دنیای ئازاد لەمەر پشتیوانی لە جووڵە ئێعترازییەکانی خەڵک بەتایبەت لە جمانە خۆڕسکەکان کاریگەرییان هەبێ و لەم پێوەندییەدا دەتوانن چی بکەن؟**

بە باوەڕی من نوێنەرایەتییەکانی حیزب پێش لە هەموو شتێک دەبێ بە شێوەیەکی پرۆفیشناڵ بچنە نێو گۆڕەپانی دیپلۆماسی و کاری حیزبی؛ ئەمە بەشێکە لە کەمایەسییەکانی ئێمە. تا ئەو کاتەی کە ئێمە نەتوانین بەشیوەی پرۆفیشناڵ کاروباری حیزبی ڕاپەڕێنین نابێ چاوەڕوانی ئاکام و دەرەنجامی مەزن و پۆزەتیڤ بۆ حیزب بین. بە کۆدەنگی لەسەر ئەم پرسە دەتوانین لە ماوەیەکی زەمەنی کورتدا ڕێژە و چییەتی نوێنەرایەتییەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات ببەینە سەر و هاوتەریب لەگەڵ پێویستییەکانی حیزب و نەتەوەی کورد لە ئێران ڕێکیان بخەین. نابێ ئەوە لە بیر بکەین کە بەشی بەرچاوی شانس بۆ سەرکەوتن لە "مەیدان داری"دایە و ئەمەش شێواز و تەوەری جۆربەجۆری هەیە. نەتەوەی کورد تێچووی زۆر قورسی لەم پێناوەدا داوە. ئەم نەتەوە سەربەرزە، خاوەنی هەزاران شەهیدە لە ڕێگەی وەدیهێنانی ئازادی و دێموکراسی و باقی بایەخە جیهانییەکانی دیکە. لە ڕاستیدا ئێمە پێبەند و ئەرکدارین کە قەرزی خۆمان بەم لەخۆبووردووییانە بدەینەوە.

## تەیموور مستەفایی:

# هێزە نیزامییەکانی ئێران نەتەنیا نابێت لە سەرکوتی خۆپێشاندەراندا بەشداری بکەن، بەڵکوو دەبێت هاوکاری بەئەنجام گەیاندنی ئەو حەرەکەتە بن کە بە قازانجی هەموو لایەکە.

**دەقی وتووێژی تەیموور مستەفایی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بەرپرسی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزب لەسەر خۆپێشاندانە سەرانسەرییەکانی ئێران و بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەندراوی ئەم کۆمیسیۆنە لەم پێوەندییەدا، لەگەڵ تەلەفزیۆنی تیشک**



تەیموور مستەفایی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

وتووێژ: سابیر فەتاحی

**● هۆکاری ئەو نارەزایەتیانەی کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوو لە ئێراندا هاتوونەتە ئاراوە، لە چیدا دەبینن؟**

لە ڕاستیدا ئەوە کەڵەکەبوونی کۆمەڵێک فشارو زەخت و زۆرە کە لە ماوەی ئەو چل ساڵە کۆماری ئیسلامی بەسەر خەڵکدا بەڕێوەی بردووە. ئەو فشارانە لایەنی ئابووری و سیاسیی هەبووە و بوونەتە هۆی ئەوەی کە خەڵک نارەزایەتی دەرببڕی، بەڵام ئێستا ڕەوشەکە گەیشتووەتە ئاستێک کە بۆ خەڵک جێگەی تەحەممول نەماوە. ئەو گوشار و هەژارییە گەیشتووەتە ڕادەیەک کە خەڵک ئێستا خۆی پێ بەخێو نابێ. بژێوی خەڵک لە کەمترین ئاستی خۆیدایە. لە بواری سیاسییەوە خەڵک کەمترین دەرەتانی نییە بۆ دەربڕینی بیروڕاکانی، کۆی ئەو گوشارانە بوونەتە هۆکار بۆ ئەوەی کە ئەم حەرەکەتە دەست پێبکات و خەڵکی ئێران بە گشتی بێنە سەر شەقامەکان و نارەزایەتی خۆیان دەربڕن؛ واتە لە نەبوونی دەرەتانی ڕادەربڕین و بیروڕای ئازاددا، هەژاری و فەقریش لە نێو کۆمەڵگەی کوردستان و ئێران پەرەی گرتووە و ڕێژیم ڕێگەحەلێکی بۆ چارەسەریی نییە و هیچ ئاسۆیەکیش بۆ چارەسەری ئەم مەسەلەیە نابیندرێت.

**● لە سەرەتای ڕاگەیەندراوی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات دا باستان لەوە کردووە کە ئەگەر نارەزایەتییەکان بەردەوام بن، خەڵک پەیوەست دەبن، ئایا بیرتان لەوە کردۆتەوە کە نارەزایەتییەکان کۆتاییان پێ بێت؟**

بە خۆشییەوە نارەزایەتییەکانی ئەمجارە، وەکوو جارانی پێشوو نییە کە لە کۆنترۆلی خودی ڕێژیمدا بێت؛ ئەمجارە نارەزایەتییەکان لووتکەی دەسەڵات یان هەرەمی دەسەڵاتیان بە ئامانج گرتووە و دروشمە سەرەکییەکان، دروشمی ڕووخانی ڕێژیم و مردن بۆ خامنەیی و کۆمەڵێک درووشمی دیکەیە کە هیوامان پێدەدات حەرەکەتی ئەمجارە حەرەکەتیکی خەڵکییە و لە نێو هەموو کۆمەڵگەی ئێراندا هەڵقولیوە و هەموو چین و توێژەکان تێیدا بەشدارن و بە جوغرافیاش لە هەموو خاکی ئێراندا خەڵک هاتوونەتە نێو خۆپێشاندانەکانەوە؛ واتە نیزیک لە ٦٤ تا ٦٥ شار کە زۆربەیان گەورەشارن، خۆپیشاندانیان کردووە و ئەوە هیوامان پێدەدات کە ئەم نارەزایەتییە، لە کونترۆڵی ڕێژیمدا نییە.

درێژەکێشانی نارەزایەتییەکان بەستراوەتەوە بە چەند فاکتەر کە بە نەزەری من ئەگەر ڕێژیم بتوانێ ئەو نارەزایەتییانە بە شێوەی کاتیش کۆنترۆل بکات، لە درێژخایەندا دیسان هەر سەرهەڵدەداتەوە؛ بەڵام ئەگەر ئەو خۆپێشاندانانە بە بەرنامە بێت و بیانوو نەدرێت بە دەستی هێزەکانی ڕێژیم بۆ سەرکوت، دەتوانێ درێژە بکێشێ. گرینگ ئەوەیە ئەگەر تا چەند ڕۆژی دیکە درێژە بکێشێت، ئەو ترسەی کە کۆمەڵێک خەڵک تا ئێستاش لە ڕێژیم ماویانە، دەشکێت و لە کۆتایی دا خەڵکی زیاتر دێنە مەیدان، کە خەڵکی زیاتریش هاتە مەیدان ڕێژیم ناتوانێ بەرەنگاری ئەو هەموو خەڵکە ببێتەوە، چونکە هێزی سەرکوتی ڕێژیمیش ئەوەندە نییە و بەشێکی ئەو هێزە، ڕۆڵەی ئەم خەڵکەیە و ئامادە نابن لە سەرکوتی خەڵکدا بەشداری بکەن. هەر ئێستا دەبینین لە زۆر شوێندا کۆمەڵێک لە هێزە نیزامییەکان ئامادە نین لە سەرکوتەکەدا بەشداری بکەن و کاتێک لەگەڵ خۆپێشاندەران بەرەوڕوو دەبن، هەڵدێن، بۆیە هیوادارم ئەم نارەزایەتییانە درێژە بکێشێت و لە ئەگەری درێژەکێشانیدا، قابیلی کونترۆل نابێت؛ بۆیە ئێمە هیواداریین کە ئەو خۆپێشاندانانە بەردەوام بن.

**● یەکێک لە خاڵە جەوهەرییەکانی ڕاگەیەندراوی کۆمیسیۆنی تەشکیلات کە هاوکات لە ڕاگەیەندراوی هاوبەشی حدکا و کۆمەڵەشدا هاتووە، باس لەوە دەکات کە خەڵک خۆیان لە حەرەکەتی نەشیاو ببوێرن بۆ ئەوەیکە ئاراستە و نێوەرۆکی خۆپێشاندانەکان بەلاڕێدا نەچێت، مەبەست لە حەرەکەتی نەشیاو چییە؟**

زۆر جار هێزەکانی ڕێژیم بۆ بەلاڕێدابردنی ئەو نارەزایەتییانە کە خۆپیشاندانی زۆر مەدەنی و شارستانین، دەست وپێوەندییەکانی خۆی دەنێرێتە نێو ئەو خۆپیشاندانانە و دەست دەکەن بە خراپکاری و سووتاندنی هەندێ شوێن و دزی و تاڵانکاری بە دوو مەبەست: یەکەم، زەمینەی سەرکوتی زیاتر ئامادە بکەن بۆ هێزەکانیان و بەو هۆیەش بڵێن کە ئەمانە تێکدەر و ئاژاوەچین؛ دووهەم، لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەییشدا ئەو خۆپیشاندانە مەدەنیانە بە گێرەشێوێنی و ئاشوبگەرانە لە قەڵەم بدەن؛ بۆیە پێمانوایە کە ڕێژیم بۆخۆی بە بەرنامەوە ئەو کارانە دەکات، ئێمەش هۆشداریمان داوە کە خەڵک نابێ ئەو کارە بکات و لە ئەگەری شتی وادا، خەڵک دەبێت لەقاوی بدات، چونکە ئەوە هێزی ڕێژیم خۆیەتی کە ئەو کارە دەکات.

هێزی خەڵک خۆپیشاندانی زۆر مەدەنیانەیان کردووە، خۆپیشاندانێکە کە بنەمای سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری هەیە و دەتوانێت بە ئاکام بگات و هەموو دونیاش ئەوەی قبووڵە، بۆیەش ئێستا دەبینین کە زۆرێک لە دەوڵەتان هاتوونەتە سەر خەت و پشتیوانی لە خۆپیشاندانی خەڵکی ئێران دەکەن بۆ گەیشتن بە ئازادی و مافەکانیان، کە مافی ژیانە، مافی خوێندن و ئازادییە، هەموو ئەو مافانەی کە مرۆڤێک دەبێت هەیبێت، خەڵک داوای ئەوان دەکات، ئەوەش شتێکە کە دەبێت هەبێت و بۆ دونیاش قابیلی قەبوڵە، بەڵام ئەگەر خۆپێشاندانەکان بەلاڕێدا چوون و دەستیان کرد بە کوشت و کوشتار، هەم دەستی ڕێژیم ئاوەڵا دەبێت بۆ سەرکوتی زیاتر و هەم لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشدا سیمای ئەو خۆپیشاندانانە لاواز و خەوشدار دەبێت.

**● کۆماری ئیسلامی بۆ کەمرەنگ نیشاندانی نارەزایەتییەکان وەک تاکتیکی هەمیشەیی خۆی، ئینتێرنێت و سۆشیال میدیای پچڕاندووە، میکانیزم بۆ پێوەندی گرتن لەگەڵ خەڵک لەو ڕاستایەدا چییە و لە چ کاناڵگەلێکەوە خەڵک دەتوانن دیمەن و هەواڵی ئەو خۆپێشاندانانە بۆ دونیای دەرەوە بگوازنەوە؟**

ئەوە شتێکی تایبەت بە کۆماری ئیسلامی نییە، ئامریکا ڕایگەیاند کە ئەگەر کۆماری ئیسلامی ئینتێرنێت بپچڕێنێت یان میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان فیلتێر بکات، ماهوارە دەنێرێتە ئاسمانی ئێران و ئەوەش دەتوانێ ئەو زەمینەیە بڕەخسێنێت کە ئەم پێوەندیانە هەر بەردەوام بن. ئێمە لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە دەتوانین پەیوەندی بکەین، پێوەندی ئێمە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ ناوخۆی وڵات ناپچڕێت، بەڵام دڵنیام ئامریکا و وڵاتانی دیکەش کە لەسەر خەتن، ڕێگەی ئەوە خۆش دەکەن کە خەڵکی ئێران هەم پێوەندییان بە جیهانی دەرەوەی خۆیان و هەم بە ئۆپۆزسیۆنی خۆیانیش هەبێت، چونکە ئوپۆزیسیۆن بەشێکە لەو حەرەکەتە، هەرچەند حەرەکەتەکە تا ئێستا ڕێبەرییەکی دیاری نییە کە بڵێین فڵان هێزی سیاسی ڕێبەریی ئەم حەرەکەتە دەکات، هێزی جۆربەجۆر لە نێو ئەو حەرەکەتەدا هەن و ڕێبەرییەکەش تا ئێستا خۆی دەرنەخستووە کە بڵێن فڵان هێز ڕێبەرایەتیی ئەو حەرەکەتە دەکات، بۆیە ئەو زەمینەیە هەر دەرەخسێت و ئەو پێوەندییانە هەر بەردەوام دەبن.

**● باستان لە ئۆپۆزیسیۆن کرد، ئەم نارەزایەتییانە یەکێک لە دەگمەنترینی ئەو حاڵەتانەیە کە ئۆپۆزیسیۆنی فارسیش پشتیوانی لێدەکەن، لەم ڕاستایەدا ئایا ئۆپۆزیسیۆنی کورد بۆ هاوئاهەنگی لەگەڵ فارسەکان، هیچ هەوڵێکیان داوە یان بە موشەخەسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەم پێوەندییەدا چ کارێکی کردووە؟**

ئێمە لە کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ ئەندام و ئەندامێکی چالاکیشین، ئێرانیش پێکهاتووە لەو نەتەوانە کە بریتین لە ئازەری، فارس، بەلوچ، عەرەب، کورد و ئەوانیتر. کەوابوو ئێمە لەو ڕێگەیەوە پێوەندیمان بە هێزە سەرانسەرییەکانەوە هەیە و هەروەها ڕاستەوخۆش پێوەندیمان بە هەندێ لە هێزە سەرانسەرییەکانەوە هەیە. ئێمە وەکوو حیزبی دێمۆکرات لە خۆرهەڵاتی کوردستانیش پێوەندیمان بە هەموو حیزبەکانەوە کردووە و داوامان کردووە کە دروشمی هاوبەشمان بۆ خۆپیشاندەرەکان هەبێت، تەنانەت هەندێک دروشمیشمان ئامادە کردووە کە بوونەتە دروشمی زۆربەی هێز و لایەنەکان. بێگومان ئەگەر ئەم حەرەکەتە درێژەی هەبێت، لە کوردستانیشدا خەڵک بەشدار دەبێت، چونکە کوردستان لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا یەکێک لەو ناوچانە بووە کە هەمیشە لە پێشەوەی ئەم خەباتە بووە؛ بۆیە ئەم دروشمانە، دروشمی هاوبەش دەبن و کاری هاوبەشیش دەکەین و لەو ماوەیەدا چەند جاریش پێکەوە دانیشتووین.

ئەگەر ئەم حەرەکەتە درێژەی هەبێت، لە داهاتووشدا دەتوانین هەماهەنگی زیاتر پێک بێنین بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ پیلانەکانی ڕێژیم، بۆ ڕێنوێنی کردنی خەڵکی خۆمان و ئاراستەکردنی حەرەکەتەکە لە هەموو بوارەکانیدا.

**● ئایا پۆتانسییەلی گۆڕان یان ڕووخانی کۆماری ئیسلامی لە خۆپیشاندانەکاندا بەدی دەکرێت؟**

بەشێکی زۆر لە دروشمەکان بەستراوەتەوە بەوەی کە ئەم حەرەکەتە چۆن دەچێتە پێشێ. بە بڕوای من زەمینەیەکی زۆر لەبار هەیە، چونکە خەڵکی سەرانسەری ئێران موخالیفی ڕێژیمن، موخالیفن لەباری سیاسی، دەرەتانی ڕادەربڕین و بیروڕای ئازادیان نییە، لە بیاڤی ئابووریشەوە دۆخەکە لەوپەڕی خراپی خۆیدایە، یانی زۆربەی خەڵک موخالیفە، ئەگەر ئەمە درێژە بکێشێت، خەڵک زۆرتر دێتە مەیدان؛ کە خەڵکی زیاتریش هاتە مەیدان، بێگومان ڕێژیم زۆر لەوە لەرزۆکترە کە بتوانێ مقاومەت بکات و ئەوەی کە ئێستا هێندێک فڕوفیشاڵ دەکەن، ئەوە مانۆڕە و دەیانهەوێت خەڵک بترسێنن. بەڵام خەڵکی ئێران و کوردستانیش تەجروبەی ئەوەیان کردووە کە لەو درۆ و فڕوفیشاڵانەی کە ڕێژیم مەبەستیەتی نەترسن. هیوادارم کە ئەو خۆپیشاندانانە درێژەیان هەبێت و ببێتە هۆی گۆڕینی ڕێژیم و بۆ ئەوەش کار دەکەین.

**● دوا وتەتان لەو ڕاستایەدا چییە؟**

هەر وەکوو لە ڕاگەیەندراوەکەماندا هاتووە، دیسان داوا لە خەڵکی کوردستان دەکەم کە حەرەکەتەکەیان بە شێوەیەکی هێمنانە و بە بەرنامە بێت و بەیەکەوە هەماهەنگ بن و دروشمی جۆربەجۆر نەدەن، دروشمێک بدەن کە مافەکانی گەلی کورد، ئازادی و دێموکراسی تێدا زەق بکرێتەوە.

هەروەها داوامان لە هێزە نیزامییەکان کردووە کە بەشداری سەرکوتی خەڵک نەکەن. جارێکی دیکەش لەو ڕێگایەوە داوا دەکەم هێزەکانی ڕێژیم بەشداری ئەم سەرکوتە نەبن، بە پێچەوانەوە ئەوان بەرپرسن و دەبێت دواتر وڵامدەر بن. چوونکە ئەو ڕێژیمە داهاتووی نییە و دەڕوات، بۆیە ئەو هێزانەی کە ئێستا لە خزمەتی ڕێژیمدان، دەبێ باش بزانن کە ئەوان ڕۆڵەی ئەو خەڵکەن کە دەیانهەوێت بەرەوڕوویان ببنەوە، بۆیە هێزە نیزامییەکانی ئێران نەتەنیا نابێت لە سەرکوتی خۆپێشاندەراندا بەشداری بکەن، بەڵکوو دەبێت هاوکاری بەئەنجام گەیاندنی ئەو حەرەکەتەش بن، چونکە ڕووخانی ئەو ڕێژیمە لە قازانجی هەموو لایەکدایە.

# شەپۆلەکانی شار

قادر ئەلیاسی




کتێبی شەپۆلەکانی شار لە نووسینی کاک رەشید حەیدەرییە؛ ئەم کتێبە ٢٠٠ لاپەڕەییە، چیرۆکێکی درێژە کە باسی سەردەمی دوای رووخانی نیزامی پاشایەتی و هاتنە سەر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران و جووڵانەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی نیشتمان دەکات.

نووسەری شەپۆلەکانی شار لە دوو توێی کتێبەکەدا بە کوردییەکی رەوان و بە دارشتنێکی جوان و سەرنجراکێش ژمارەیەک کەس وەک قارەمانی چیرۆکەکە دەخاتە بەرچاو کە وا لە خوێنەر دەکات هەم زووتر بیخوێنێتەوە و هەم وانەی شۆڕشگێڕی و خۆڕاگریشی لێوە فێربێ. نێرگز وەک دایک و ئاسۆ و هەتاو وەک کچ و کوڕی ئەو گەلە کە کوردی پێدەڵێن، قۆڵ بۆ خەباتێکی پڕ لە مەترسی لە دژی داگیرکەر هەڵدەماڵن تا رۆژێ ببن بە خاوەنی ئەو وڵاتە کە ناوی کوردستانە. لەو سۆنگەیەدا لە گەڵ پێشمەرگە دەست دەدەنە دەستی یەک و شاخ و شار بە یەکەوە گرێ دەدەن. بە جۆرێک ناهێڵن trووسکەی هیوا لە دڵی تاکی کورددا کز ببێ.

ئەو قارەمانانەی نێو چیرۆکی شەپۆلەکانی شار، بە داگیرکرانی شار لە لایەن سپای داگیرکەرەوە چۆک دانادەن، بە مەرگی ئازیزان و دیتنی تەرمەکانیان بە پەتی سێدارەوە دۆش دانامێنن و سوورتر و رق ئەستوورتر دەچنە گۆڕەپانی بزاڤی کوردایەتی و هەتا ئەو کاتە پێشمەرگە و شار دەستەملانی یەکتر دەبن، هەدا نادەن.

حەیدەری بۆ پێناسەی "شەپۆلەکانی شار" دەڵێ: " گەل دەریایە؛ پێشمەرگە ماسییە؛ ئەندامە نهێنییەکان شەپۆلەکانی دەریان". نووسەر لە درێژەی بابەتەکەدا لە مەڕ دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش و پێوەندی نێوان گەل، پێشمەرگە و ئەندامە نهێنییەکاندا دەبێژێ: " پێوەندییەکی چڕ لە نێوان ئەم سێ هێمایانەدا دامەزراوە. پێوەندییەکی وەها پتەو، کە تەنیا مەرگ دەتوانێ هێڵی جیاکەرەوە لە نێوانیاندا بکێشێت".

شەپۆلەکانی شار پڕە لە هەست و سۆزی نیشتمانپەروەری و نەخشێنەری ئەو جووڵە و راچەنینانەیە کە لە نێو کۆمەڵی کوردەواریدا بە نهێنی و دوور لە چاوی داگیرکەر، بەردەوام لە گەشە و هەڵچووندان. بزووتنەوەی ئازادیخوازی نەتەوەیەک لە چوارچێوەی کتێبی "شەپۆلەکانی شار"دا وێناکراوە کە لە هەموو کوردێکی سەوداسەری ئازادی و رزگاری کوردستان دەخوازێ، بیخوێنێتەوە. خوێندنەوەی ئەم کتێبە بۆ ئێمە مانان کە بینەر و لە هەندێ جێگەدا ئەکتەری ئەو چیرۆکە بووین، نۆستالۆژییە. ئەو ئازیزانەش کە ئەو سەردەمەیان وەبیر نایە و نەوەی دوای ئەو رووداوانەن، بە خوێندنەوەی شەپۆلەکانی شار هەم فێری مێژووی ئەو قۆناغە دەبن و هەم وانەی خۆڕاگریی لێوە فێردەبن.

بە بۆچوونی من، خاڵی بەهێزی ئەم کتێبە جگە لە نێوەڕۆک، رێزمانی جوان و رێنووسی تەتڵەکراو و لە بێژنگدراوی ئەو وشە و رستانەیە کە کەمترین هەڵەی رێزمان و رێنووسیان تێدایە. لەو بارەوە بە دەگمەن هەست بە کەموکوڕی دەکەی. ئەوەی جێی سەرنجی من بووە، لە دوو توێی نامەیەکدا دەینێرم بۆ نووسەری ئەم کتێبە تا لە چاپەکانی داهاتوودا بە پێی پێویست بە سەریاندا بچێتەوە.

لە پای نووسینی ئەم کتێبەدا بە کاک رەشید حەیدەری دەڵێم: ماندوو نەبی و سەرکەوتنت لە پێناوی خزمەت بە وشەی رەسەنی کوردی بۆ بە ئاوات دەخوازم!

# خەیاڵ و پەژارەی دوای بوومەلەرزە!



ئەو ئێوارەیەی رۆژی یەکشەممە، ٢١ی گەڵاڕێزانی ١٣٩٦ی هەتاوی ( ٢٠١٧/١١/١٢) کە هەواڵی دڵهەژێنی بوومەلەرزەکەی پارێزگای کرماشانم پێگەیشت، دەسبەجێ و وەک هەموو جارەکانی پێشوو بە خەیاڵ چوومەوە دەشتی زەهاو.

لە یەکەم چاوگێڕانمدا ئاوایی قەڵاوارێم بەرچاو کەوت؛ دایکێکی دڵسووتاو، بە دیار ماڵە رووخاوەکەیەوە هەڵترووشکابوو و بە دەم سەرەمۆرێکی دایکانەوە ئەیوت و ئەیلاواندەوە:

من شینی کامیان بکەم لەی ساتە
هیچ کەسم نەمەن، لەی سەربساتە

بە چاوی پڕ فرمێسکەوە لەو تێپەڕیم و کامێرای چاوم لە دەستێکی بچکۆلە رژد بۆوە کە لە ترەشکی دیوارێکی رووخاو هاتبووە دەر؛ بینیم کاغەزێکی لە نێو قامکەکانی دەستی راگرتووە؛ بە کونجکۆڵییەوە چوومە پێش و کاغەزەکەم لە بەینی پەنجەکانی دەرهێنا؛ تێیدا نووسرابوو:

"من ناوم ئاسۆیە. پۆلی دووی سەرەتاییم. بەر لە زەوی لەرزەکە تەکلیف و راهێنانەکانی رۆژی دووشەممەم نووسیبوو، بەڵام ئێستا وەک دەبینی لە سەفەرێکی بێگەڕانەوەم و سبەی ناتوانم ئامادەی قوتابخانە بم، ویستم بە (هەتاو و گەزیزە)دا بینێرم، ئەوانیش وەک من بارگە و بنەی سەفەری یەکجارییان پێچاوەتەوە و نەیانتوانی بیگەیەننە مامۆستاکەم. لە مەلاعەبدوڵلای دراوسێمان پاڕامەوە، ئەویش وتی: ئەوەتا دەبینی کوڕە تاقانەکەم لە باوەشمدا خەوتووە، لە خەوێکی ئەبەدیدایە. بە هەر کەس ئێژم، ناتوانێ یارمەتیم بدا. تۆ ئەتوانی ئەم پەیامەم بۆ بگەیەنی؟".

ئەویشم بەجێ هێشت. سەیرم کرد شوانی گوند لە کاتێکدا مەڕوماڵاتی ئاوایی گەیاندبووەوە دێ، لە پەنای دیوارێکدا لەو کاتەیدا گۆچانەکەی کردبوو بە کەرەستەی یارمەتیدەر بۆ خۆرزگارکردن لە ژێر کەوێڵەکەیدا مابۆوە و گیانی سپاردبوو. ئاخ ئەو دیمەنە چەندە خەمناک بوو!

لەو شوێنەش وەک شێت هەڵهاتم و بەرەو دێی سەراوزەهاو رۆیشتم؛ ئاگری ماڵی خوشکە گەورەکەم هەڵیگرتم؛ بە گەیشتنم بەوێ بە سەر کارەساتێکی مەرگهێنەر و جەرگبڕدا کەوتم. منداڵ و پیر و گەنج، هەموو ببوون بە ژێر خانووی رووخاو و هەرەسی عەردهەژەوە.

بە پێی پەتی لە ملەی دزگەوە خۆم گەیاندە ئەزگلە. ئەو شوێنەی وا ٧ی جۆزەردانی ١٣٦٠ی هەتاوی (١٩٨١/٥/٢٨) بۆ یەکەمجار لە ریزی پێشمەرگەکانی کوردستاندا باوەشی بۆ کردمەوە و وەک پێشمەرگە وەریگرتم. حاجی ئەحمەد رەحیمی هات بە پیرمەوە و بە گەرمی بەخێرهاتنی کردم. دوای گریانی خۆشی بە یەکتر گەیشتنمان، بۆی گێڕامەوە: سەرەڕای شاری سەرپێڵ و گوندەکانی دەشتی زەهاو، سەرقەڵا، ئەزگلگە، سەلاس و بەشێک لە ئاواییەکانی بناری داڵەهۆ کەوتوونەتە بەر ئەم بەڵا سروشتییە. لە کاتێکدا باسی کارەساتە دڵتەزێنەکەی بۆ دەکردم، دەمدیت چاوەکانی بەرەو شوێنێکی دوور دەڕوانێ. بە پرسیارەوە رووم تێکرد و ...

گوتم: کەوابوو ئاشنا بەشی ئێمە لەنا وچـــــــوونە؟!

گووتی: نا...نا... دوور بڕوانە، دوور بڕوانە، ئاسۆ روونە

دەستی حاجیم ماچ کرد و بەرەو دەشتی سەلاس بەڕێ کەوتم. گەیشتمە گوندی ناویەر. ئەو گوندەی کە بۆ یەکەمجار دیوانی مەولەویم تێدا دەستکەوت. پەنام بردە بەر دیوانەکە و بە ئاوازی قەتاروخاوکەرەوە ئەم شێعرەم بە یادی ئەو ئازیزانە خوێندەوە:

دڵـــە پڕ چینەن پێشانی شـــەوقت
پۆس مـــــەردەن وەبان روخسار زەوقت
شادیت مـــــواچی ئازیزش مـــەردەن
کەیفەکەت مـــاچی لەیلش گوم کەردەن
نەواتم دەخیل، ئامان، ســـــەد ئامان
وێت مەدەر وە مەیل نـــــەوتووڵ نەمامان
نەژنەفتی چەنەم، سەدجار دادم کـــــەرد
ئیسە های گەردش گەردوون چەپـــگەرد
وەتـــای قەڵماسنگ تنیای سەردیی مـــەیل
ئـەو هۆردا پەی حەی، تۆ پەی کۆی دووجەیل
سا خاسەن ئەمجار، شـــووم سیابـــەخت؟
تۆ ئالــــوودەی دەرد، من زامان سەخت

***

ســــــــاقی گـەرد کۆچ یاران دیارەن
هاوماڵان پــــــەرێم نە ئینتیزارەن
من خۆ تەنیاماڵ، وامـــــەندەی دڵتەنگ
بێکەس، بارسەنگی، پــــای بارەبەر لەنگ
مـــەر تۆ وە هەی هەی نەشئەی جام مەی
نەی رای پلەی ســـەخت فریادڕەسیم کەی
ســــا پێمدەر جامێ، منیچ چوون یاران
هەی کەروون ئەو کـــۆچ تا سەر هەواران

تێبینی:
قەڵاوارێ گوندێکی دەشتی زەهاوە کە کوردی یارسانین.
مەلاعەبدوڵڵا ئەلیاسی لە گەڵ تاقەکوڕێکی دووساڵانی و میوانێکی بە ناوی مەلاکەریم ئەلیارکی لە شاری سەرپێڵ بە هۆی بوومەلەرزەکەوە گیانیان لە دەست دا.
ترەشک: درزی دیوار، شەقاری دیوار و زەوی.
پێ پەتی: پێخاوس، بێ پێڵاو.
حاجی ئەحمەد رەحیمی، پێشمەرگەی دێرینی حیزب بوو کە ساڵەکانی ١٣٥٩ تا ١٣٦٤ لە کۆمیتەی سەلاسی باوەجانی و هێزی شاهۆ خزمەتی بە گەلەکەی کرد. ساڵی ١٣٩٤ی هـ (٢٠١٥) لە شارۆچکەی زەڕایەن لە باشووری کوردستان کۆچی دوایی کرد.
ناویەر: گوندێکی ناوچەی سەلاسە.

"من شینی کامیان بکەم لەی ساتە
هیچ کەسم نەمەن، لەی سەربساتە"

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan • No:716 • 5 Jan. 2018

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia


# ڕاپۆرتی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ماوەی ٢ حەوتووی ڕابردوودا

**ڕۆژنامەی کوردستان بە مەبەستی هەرچی زیاتر ئاشکرا کردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەر دوو حەوتوو جارێک ڕاپۆرتێک لە سەر دوایین بارودۆخی پێوەندیدار بڵاو و دەیخاتە بەر دیدی خوێنەران ڕۆژنامەی کوردستان.**

**ئەم ڕاپۆرت و ئامارانە باس لە حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ماوەی دوو حەوتووی سەرەتای مانگی بەفرانباری ١٣٩٦ی هەتاوی لە شار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکات کە بریتیە لە حاڵەتەکانی دەسبەسەر کردن، بانگهێشت، ئێعدام، کوژران و بریندار بوونی کۆڵبەران، کرێکاران، خۆکوشتن، زیندانیان و مەحکووم کردنی هاووڵاتییان لە کوردستانی ئێران.**







**ئا: سەتار ئیبراهیمی**

هێمایەک لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە دوو حەوتووی ڕابردوودا.

کۆڵبەران: لە ئەنجامی کوشتن و بریندارکردنی کۆڵبەران و کاسبکارانی کورد بە تەقەی ڕاستەخۆی هێزە نیزامیی و ئینتزامییەکانی حکوومەتی، لە ماوەی دوو حەوتووی ڕابردوودا، ١١ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد، خەڵکی شارەکانی بانە، ورمێ، سەردەشت و مەهاباد، کوژران و بریندار بوون.

ئاژانسی کوردپا شوناسی بەشێک لەو کۆڵبەر و کاسبکارە بریندارانەی بەم چەشنە ڕاگەیاندووە:

مێهدی ئەحمەدپوور، عادڵ محەممەدپوور، کارساز عەزیزی، هادی ئەمینی، مەزهەر سەلحشووری، "م.ق" تەمەن ٢١ ساڵ و "الف ق" و ڕامین عیسمەت، ڕەحمەت سلێمانزادە خەڵکی مەهاباد و قادر ئازادە خەڵکی شاری سەردەشت.

بانگهێشت و دەسبەسەر و زیندانی کردنی هاووڵاتییان:

لە ماوەی دوو حەوتووی ڕابردوودا ئەم کەسانە لە شارەکانی کوردستاندا دەسبەسەر، بانگهێشت یان زیندانی کراون:

مێهدی مامەدعەبدویی هەڵاتوو لە ترسی دەسبەسەر کردن؛ موراد ئەکرام، حسەین باقری، شێزراد حەسەنپوور بانگهێشت بۆ ئیدارەی ئیتلاعات؛ عیزەت نەسری، سلێمان یارئەحمەدی، ڕەزا نەسروڵلازادە و ڕەزا مریەمی دەسبەسەر کراو بە هۆکاری نادیار؛ نەجمەدین فەرەجی، ئەمیر ئەرژەنگ و باست ئەفشار، زیندانی کران و بۆ بەڕێوەچوونی ماوەی حوکمەکەیان بە زیندانی مەریوان ناسێندران.

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، ژمارەیەکی بەرچاو لە هاووڵاتییانی خەڵکی کوردستان، لە کاتی بەڕێوەچوونی خۆپیشاندانەکانی خەڵکی ئێران و کوردستان بە تۆمەتی بەشداری کردنی لە خۆپیشاندانەکان لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم دەسبەسەر کران کە شوناسی هەندێک لەو دەسبەسەرکراوانە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

لوقمان کەرەمی، فەرهاد کەرەمی،سلێمان عەبدی،جەواد کەرەمی،موزەفەر ڕەحمانی،عەباس ئەرغەند،حافز عەبدولی،ڕۆحوڵڵا ئەرغەند،هادی کەرەمی،محەممەد مەعسوومی، وەلی ئەمیری، عەبدولجەبار خالیدی، فەرامەرز ئومیدی، یاسر حەبیبی، شەمسەدین کاکەیی، حەمزە ڕاهنما، ئازاد تەقیزادە، غولام عەلی مەنسوور، نادر باباخانی، شەهلا وەحدت پوور، قادر داڵان و ئیرەج حەمیدی، لوقمان وەیسی، شوجاع حسەینزادە و ئیحسان محەممەدی.

هەر لەو پەیوەندیەدا، جێگری سیاسی_ئەمنیەتی پارێزگای ورمێ لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند لە کاتی بەڕێوەچوونی خۆپێشاندانەکانی حەوتووی ڕابردوو، نزیکەی ٣٠ هاووڵاتیی لە شاری ورمێ دەستبەسەر کراون کە شوناسی هیچ کەس لەو دەستبەسەر کراوانە تا ئێستا ڕوون نەبووەتەوە.

ئەو ژمارە هاووڵاتییە دەستبەسەر کراوانە خەڵکی شارەکانی بۆکان، کرماشان، مەلکشاهی و دەڕەشاری پارێزگای ئیلام بوون.

خۆکوژی هاووڵاتییان: لە ماوەی دوو حەوتووی ڕابردوودا، سێ هاووڵاتیی بە هۆی بێکاری و کێشەی بنەماڵەیی لە شارەکانی سەلاسی باوەجانی، کامیاران و قەسری شیرین، هەوڵی خۆکوژیان دا و کۆتاییان بە ژیانی خۆیان هێنا؛ شوناسی ئەو سێ کەسە بەم چەشنەیە: ئەحمەد فەیزی خەڵکی کامیاران، مەیسەم کەریمی خەڵکی قەسری شیرین و هاجەر سادقی خەڵکی شاری سەلاسی باوەجانی.

کرێکاران: هەر لە ماوەی ئەو دوو حەوتوویەدا، سێ کرێکاری خەڵکی شاری سەڵماس بە ناوەکانی "بێنیامین و محەممەد زەیدی و ئیبراهیم زەیدی" لە شاری تاران کە خەریکی کرێکاری بوون تووشی گازگرتوویی هاتن و گیانیان لە دەست دا.

مین: دانیال خەدیو خەڵکی شاری سەرپێڵی‌زەهاو کە لە ڕووداوی بوومەلەرزەدا ڕزگاری ببوو، لە ناوچەی چنانە (فکە) سەر بە شاری "شووش" بە هۆی تەقینەوەی مین بە سەختی بریندار بوو.

ئیعدام کردن: لە ماوەی دوو حەوتووی رابردوودا، هاووڵاتییەکی کورد خەڵکی شاری پاوە سەر بە پارێزگای کرماشان بە ناوی "بەختیار محەممەدی" کە لەلایەن دەزگای قەزاییەوە بە تۆمەتی کوشتنی بە ئەنقەست مەحکووم کرابوو، ڕۆژی ١٢ی بەفرانبار لە زیندانی "دیزڵئاوای" شاری کرماشان ئێعدام کرا.

# نزیکەی ٥٠ خوێندکار لە ئێران لە دەستپێکی خۆپیشانەکانەوە دستبەسەر کراون



لە دەسپێکی خۆپیشاندانەکانەوە تا ئێستا لە شارەکانی ئێران و کوردستان، نزیکەی ٥٠ خوێندکار لەلایەن هێزە ئەمنییەتی_ئیتلاعاتییەکانەوە دەستبەسەرکراون.

بەپێی دوایین ڕاپۆرتەکان، لە ڕۆژانی ڕابردوودا ژمارەیەکی بەرچاو لە خوێندکاران، لەلایەن هێزە ئە منیە تییە کا نی ڕێژیمەوە بە تۆ مە تی بە شدا ری لە خۆپیشاندانەکان و هاندانی خەڵک بۆ نارەزایەتی دەربڕین و هاتنە سەر شەقامەکان، دەستبەسەر کراون کە تەنانەت هیچ ئاگادارییەک لە سەر چارەنووسییان لە بەردەستدا نییە.

شوناسی هەندێک لەو خوێندکارانە کە لە زانکۆکانی شارەکانی ئێران دەسبەسەر کراون بریتین لە: سینا ڕ ە بیعی ، موحسێن حەقشناس، میکائیل قولیڕاد، پدرام پەزیرە، محەممەد محەممەدیان، عەلی موزەفەری، مێهدی وەهابیسانی، سوهەیل موەحدان، ئارش ئاوەری، دا نیا ل ئیما ن ، ئەمیرحوسێن عەلی تەڵەب، مەجید ئەکبەری، موحسێن تەرابی، کەسرا نووری، لەیلا حسەینزادە، سەما دەرەخشانی، فائیزە عەبدی پوور، مەجید موسافر، محەممەد خانی، سیاوەش ئەمجەدی، موحسێن شاهوون و سینا غەفاری، محەممەد شەریفی موقەدم ڕیابی، محەممەد جە وا هر ی ، موحسێن میر مو حسێنی ، سەها مورتزایی، محە مە د ئە مین ئۆسانلوو، یاسەمەن مەحبووبی، حیسام حسە ینزا د ە ، تا ر ۆ خ مەلەکی، ئەمیر خوسرەوی، عەلی ئەسەدی، سوهەیل ئاقازادە، لوقمان وەیسی، پەیمان گراوند، سینا عۆمران، نگین ئارامش، ئەمین خوسرەوی، محەممەد ئەحمدیان هەرەوی، مەیسەم شەریف، میکائیل قولی زادە، عەلی قەدیری، وەفا ڕاستی، توورام مێهرەبان، موحەڕم سابیری و ئیحسان محەممەدی.

لەگەڵ دەسپێکردنی خۆپیشاندانەکانی خەڵکی ئێران، بە دەیان خوێندکاری خۆپیشاندەر گیراون و ڕەوانەی گرتووخانەکان کراون، کە تەنیا لە زانکۆی تاران ١٥ خوێندکار دەسبەسەر کراون و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزراون و لە چارەنووسی ئەوان هیچ زانیارییەک لە بەردەستدا نییە. لە پەیوەندی لەگەڵ گیرانی خوێندکاران لە خۆپیشاندانەکان، وەزیری زانست و فەناوەری ڕایگەیاندووە: کە زانیارییەکی وردیان لە بارەی خوێندکارانی دەسبەسەرکراو لە بەردەستدا نییە و هێشتا هیچ ئامارێك بە وەزارەتی زانست لەم بارەوە نەدراوە.

هەتا ئێستا بە دەیان خوێندکاری خۆپیشاندەر گیراون و ڕەوانەی گرتووخانەکان کراون و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزراون و لە چارەنووسی ئەوان هیچ زانیارییەک لە بەردەستدا نییە.